# بنیاتی واتای وێنەی شیعری لە نێوان هونەرەکانی ڕوونبێژیدا شیعری (گەشت لە هەورامان) ی گۆران بە نموونە

**ID No. 255**

(PP 133 - 157)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.4.9

**هیمداد حوسێن بەکر**

زانکۆی سەلاحەدین– کۆلێژی پەروەردە –بەشی زمانی کوردی

Hemdad.bakir@su.edu.krd

**محمد عبدالکریم ابراهیم**

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێر- وەزارەتی پەروەردە

muhammad.ibrahim@student.su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/03/30**

**پەسندکردن : 2022/05/09**

**بڵاوکردنەوە : 2022/09/05**

**پوختە**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە ڕۆڵی زانستی ڕوونبێژی لە واتای وێنەی شیعری لە شیعری نوێی کوردی دا، بخرێتەڕوو. بۆ ئەم مەبەستە شیعری (گەشت لە هەورامان) ی (گۆران) ی شاعیر بۆ پراکتیکی هونەرەکان هەڵبژێردراوە، چونکە ئەم شیعرە ژمارەی دێڕەکانی زۆرە و، بەشی زۆری شیعرەکەش لە وێنەی شیعری پێکهاتووە. ئینجا (گۆران)یش لە یەکەمینی ئەو شاعیرانەیە کە دەستیان داوەتە نوێکردنەوەی شیعر لەڕووی زمان و تەکنیک و بابەتەوە. بۆیە شیعری (گەشت لە هەورامان) وەک نموونەی پراکتیکی، ئەنجامی ورد دەداتە دەستەوە. لە لێکۆڵینەوەکەدا: هەریەکە لە هونەری ڕوونبێژی و وێنەی شیعری ناسێنراون، پاشان جۆرەکانی ڕوونبێژی و لقەکانیان باسکراون. ئینجا ئەم زانیارییانە بەشێوەیەکی پراکتیکی لە دەقی شیعرەکەدا بەوردی دەستنیشانکراون. پاشان لە ئامارێکی ورددا خراونەتەڕوو، لە کۆتاییشدا خوێندنەوەی پێویست بۆ ئامارەکان کراوە و ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە خراونەتەڕوو.

**کلیلە وشە:** بنیات، واتا، ڕوونبێژی، وێنەی شیعری، گۆران

## 1- پێشەکی:

ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە ڕۆڵی هەریەکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی (لێکچواندن، خوازە، درکە) دەکات لە بنیاتنانی واتای وێنەی شیعریدا. لە ڕوانگەی ڕۆڵی نوێگەرانەی گۆرانی شاعیرەوە، دەروانێتە ڕێژەی بەکارهێنانی هەریەک لەم هونەرانە لە بنیاتنانی وێنەی شیعریدا، کاریگەریی واتایی هەریەکەیان، بەجۆرە جیاجیاکانیانەوە، لە خوڵقاندنی واتای وێنەی شیعریدا، دەخاتەڕوو. دیارە کە دەڵێین (واتای وێنەی شیعری)، مەبەستمان ئەوەیە لێکۆڵینەوەکە کار لەسەر ستراکچەر و پێکهاتی تەکنیکیی وێنەی شیعری ناکات، بەڵکو کار لەسەر ئەو بنیاتە ڕەوانبێژییە دەکات کە لەناو وێنەکەدا واتای خوڵقاندووە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیەوێت ئەوە ڕوونبکاتەوە کە وێنەی شیعری لەقۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا تا چ ئاستێک توانیویەتی دەستبەرداری هونەرەکانی ڕوونبێژی ببێت و بە پێی ئامار دەربیخات کە چەندە ئەو هونەرانە بەکارهاتوون.

**گرنگیی لێکۆڵینەوەکە:** گرنگیی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کە پەیوەندیی نێوان ڕوونبێژی و وێنەی شیعری، لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری، لای گۆران، بە وردەکاری و ئامار دەخاتەڕوو. ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە تا چ ئاستێک هونەرەکانی ڕوونبێژیی لەگەڵ وێنەی شیعریی نوێدا دەگونجێن؟

**سنوورو کەرستەی لێکـۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکـە بە دیالێکتی کـوردی ناوەڕاست نـووسراوەو کەرستەی تـوێژینەوەکە دیوانی گۆرانە کە (محمدی مەلا کریم) کۆی کردووەتەوەو ئامادەی کردووە و چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عیراق ساڵی (١٩٨٠) لە بەغدا چاپیکردووە.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:** لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی شیکاریی وەسفی بەکارهاتووە و پشت بە شیکاری ئاماریی بەستراوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان.

**گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:** سنووری نێوان (خوازەی ڕەها – مجاز مرسل) و (خوازەی ژیری – المجاز العقلي) گرفتی هەر لێکۆڵینەوەیەکی لەم چەشنەن. چونکە سنووری نێوان ئەم دوو لقەهونەرە، هەر لەبنەڕەتەوە لای ڕەوانبێژە کۆنە عەرەبەکان ساغ نەبووەتەوە.

- گرفتێکی تری سنووری زانستی بابەتەکە ئەوەیە: ئایا (خوازەی ژیری) بوونی هەیە یان بەشێکە لە هونەرەکانی تر؟
- گرفتێکـی تـر مەسـەلەی ناونـانی هونەرەکـانە بەزمـانی کـوردی، چـونکە ئەمـیش بەپێـی سـەرچاوەکان جۆراوجـۆرەو دەستەواژەکان لەسەرچاوەیەکەوە بۆ سەرچاوەیەکی تر، جیاوازن.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** ئامانجی سەرەکیی ئەم لێکـۆڵینەوەیە ئەوەیە: ڕادەی ڕۆڵـی هونەرەکـانی ڕوونبێـژی لە بنیـاتی واتـای وێـنەی شیعریدا لە شیعری (گەشت لە هەورامان) بە ئامار بخاتەڕوو. ئامانجی لاوەکیشی ئەوەیە سـنووری نێـوان لقەهـونەری (خـوازەی ڕەهـا) و (خـوازەی ژیری) ڕوون بکاتەوە.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکە دوو بەشە:

بەشی یەکەم: ناونیشانی ئەم بەشە (هونەرەکانی ڕوونبێژی و جۆرەکانیان)ە. ئەم بەشـە لە سێ تەوەر پێکـدێت: تەوەری یەکەم(ناساندنی ڕوونبێژی)یە. تەوەری دووەم (مەبەست لە وێنەی شیعری) ڕووندەکاتەوە. تەوەری سێیەم (هونەرەکانی ڕوونبێژی و جۆرەکانیان) دەخاتەڕوو. نموونەشیان لە شیعرەکانی گۆران بۆ دەهێنێتەوە.

بەشی دووەم: ناونیشانی ئەم بەشە [بنیاتی واتای وێنەی شیعری لە (گەشتی هەورامـان)ی گـۆران دا]یە. ئەم بەشـە دوو تەوەرە: تەوەری یەکەم (هونەرەکـانی ڕوونبێـژی لە شـیعری گەشـت لەهەورامانـدا)، لەم تەوەرەدا بەوردی تاکەتـاکەی ئەو دێـڕانە شیدەکرێنەوە کە هونەرەکانی ڕوونبێژییان تێدا بەکارهاتووە. تەوەری دووەمیش (خستنەڕووی داتاکـان و خوێنـدنەوەیان)، لێرەشـدا تەواوی ئەو زانیارییانەی کە لە تەوەری یەکەمدا دەستکەوتوون، لە ئامـارێکی ورد دەخـرێنەڕوو، ئینجـا ژمـارە و ڕێژەکـانی ئامـارەکە شیدەکرێنەوە. دوای ئەم شیکارییە، ئانجامەکان دەخرێنەڕوو.

## 2- هونەرەکانی ڕوونبێژی و وێنەی شیعری:

### 2.1 ناساندنی ڕوونبێژی:

**ڕوونبێـژی**: لقێکـی زانسـتی ڕەوانبێـژییە. (سـکاکی) دەڵێـت: (بنچیـنەکەی لەو پەیوەنـدییانەوە سـەرچاوەدەگرێت کە واتـا جیاوازەکان بەدەوری وشەیەکدا کۆدەکەنەوە) (السكاكي 1987، ل330)

تەفتازانی دەڵێت: (زانستێکە بەهۆیەوە دەزانرێت چۆن مەبەسـتێکی دیـاریکراو بە چەنـد ڕێگـایەکی جیـاواز دەربـبڕێـت و نرخی واتاییشی وەک خۆی بەڕوونی بمێنێتەوە) (التفتازاني 2013، ل72)

کەواتە زانستی ڕوونبیژی باسی ئەو دۆخانە دەکات کە تێیاندا وشە بۆ واتایەکیتر بەکاردێت جگە لـە واتـا فەرهەنگییەکـەی خۆی. ئەم زانستە سێ هونەری سەرەکی دەگرێتەوە: لێکچواندن و خوازە و درکە. هەریەک لەم سێ هونەرانە، لەوەدا هاوبەشن کە وشەیەک یان ڕستەیەک دەردەبڕن و مەبەستیان شتێکی ترە، وەک لە خوارەوە ڕوون دەبێتەوە:

### 2.2 مەبەست لە وێنەی شیعری:

وێنەی شیعری یان وێنەی هونەری، هاوشانی شیعر پەیدا بووەو زۆر پێناسەی بۆ کراوە. هەندێک لەم پێناسانە ئەمانەن:

**ئەرستۆ**: وێنەی وەک لێکچواندن ناساندووە. دەڵێت: (وێنە جۆرێکە لە خواستن، بەڵام کەمێك جیاوازە. کە دەڵێین "وەك شێر پەلاماری دا" وێنەمان بەکارهێناوە. بەڵام کە دەڵێـین "شـێر پـەلاماری دا" خواسـتنمان بـەکارهێناوە. لەبـەر ئـەوەی کـە هـەردوو دەربڕینەکە بوێری دەردەخات، وشەکە گوازراوەتەوەو، بە ئەکیلیس گوتراوە شێر). (الولي، 1990، ل15)

**جاحظ**: وێنە بە خودی شیعر دادەنێت: (شیعر سەنعەتکارییە، جۆرێکە لە چنین و چەشنێکە لە وێنەگرتن.) (الجاحظ، 1969، ل:131)

**الامدي**: لەڕوانگەی ژیان وەك خۆیەوە پێناسەی وێنە دەکات: (شاعیری بەتوانا، ئەوەیە کـە وێنـەی شـتەکان وەك خۆیـان دەخاتەڕوو) (الأمدي، 1956، ل99)

**ئەندرێ برۆتۆن**: لەڕووی ڕەگەزەکانی وێنەوە پێناسەی وێنە دەکات. دەڵێت: (وێنە داهێنانێکی بێخەوشی زەینە، تـەنیا بـە بەراورد و لێکچواندن بەرهەم نایەت، بەڵکو وێنە بەرهەمی لەیەکتر نزیککردنەوەی دوو دیـاردەی لەیـەك دوورە، دوورییەکـە کـەم بێت یان زۆر، هەرچەند ئەو دوورییە زۆرتر بێت، وێنەکە ئەوەندە بەهێزتر دەبێت و کاریگەریی زیـاتر دەبێـت لەسـەر هـەڵچوون و شیعرێتی زیاتر دەکات) (الولي، 1990، ل16)

**فرانسوا مۆرۆ**: لەڕوانگەی ڕەوانبێژییەوە پێناسەی وێنە دەکات. دەڵێت: (دەتوانین ئەو جوانکارییانە بژمێرین کە دەکرێـت بە وێنە ناوبنرێن ... ئەوانەی لەسەر بنەمای لێکچوونی دوو لایەن بنیاتنراون، وەك: لێکچواندن و خواستن و ڕەمز. هەروەها ئەوانەی لەسەر بنەمای لەیەکنزیکی دوو لایەنەکەی بنیاتنراون، وەك: خوازەی بەرەڵڵا بەهەموو جۆرەکانییەوە.) (الولي، 1990، ل16)

**محمد غنيمي هلال**: لەڕوانگەی ڕەنگدانەوەی باری دەروونیی شاعیرەوە پێناسەی وێنە دەکات، دەڵێت: (وێنەی شیعری، ئەزموونێکی دەروونییە مرۆڤ پێیدا تێپەڕیوە، ناخی شاراوەی مرۆڤ دەردەخات.) (هلال، 1964، ل434)

**مصطفى ناصف**: لەڕووی لۆجیکەوە پێناسەی وێنە دەکات. دەڵێت: (وێنە، میتۆدێکی سەروو لۆجیکە بۆ نیشاندانی ڕاستێتیی شتەکان) (ناصف، 1996، ل3)

**لويس دى سيسل**: پێناسەی شیعر لەڕوانگەی وێنەوە دەکات و دەڵێت: (وێنەیەکە لە وشە بنیاتنراوە). (دی سیسیل، 1982، ل21) هەروەها دەڵێت: (هەموو قەسیدەیەك لە خودی خۆیدا وێنەیەکە) (دی سیسیل، 1982، ل20)

**تۆدۆرۆڤ**: لەڕووی تەکنیکەوە باس لە وێنەی شیعری دەکات، دەڵێت: (وێنە لە تەولیفی سەرلەنوێی وشەکان پێکدێت، نەك تەنها لە هەڵبژاردنی مەبەستداریان.) (تۆدۆرۆڤ، 1996، ل96)

**د. سەردار گەردی** (2002، ل24) دوای ئەوەی سەرنجی ڕەخنەگرانی کۆن و نوێ لەبارەی وێنەوە دەخاتەڕوو، بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت کە کورتەکەی بەم شێوەیە یە:( وێنە مەرجێکە لەمەرجەکانی شیعر بۆ باوەڕپێهێنانی خوێنەر یا گوێگر ... وێنەکان دەبێ ڕوون و ئاشکرابن). دیارە کە جەختی لەسەر ڕوونی و گرنگێتیی باوەڕپێهێنانی خوێنەر کردووەتەوە.

هەموو ئەم پێناسانە، گرنگیی خۆیان هەیە، چونکە هەریەکەیان جەختی لەسەر چەند لایەنێکی وێنە کردووەتەوە. گرنگترین ڕەهەندی وێنەی شیعری بەپێی ئەو پێناسانە، ئەوەیە کە وێنە بەرهەمی چنینی زمانە و سەرچاوەکەی زەینی مرۆڤە.

### 2.3 هونەرەکانی ڕوونبێژی:

**2.3.1 لێکچواندن:** (ئەوەیە ڕایبگەیەنیت کە شتێک یان چەند شتێک، لەگەڵ شتێکی تر لە سیفەتێک یان چەند سیفەتێکدا هاوبەشن. ئەمەش بە بەکارهێنانی ئامرازی لێکچواندن بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان بە شاراوەیی) (الجارم و امین 1999، ل20)

**2.3.1.1 بنەماکانی لێکچواندن:** ئەم هونەرە بەپێی پێناسەکەی، چوار بنەمای هەیە: لێچوو، لەوچوو، ڕووی لێچوون، ئەوزار. دوو بنەمای لێچوو و لەوچوو، بنەمای سەرەکین و دەبێ هەبن. بەڵام ڕووی لێچوون و ئەوزار بنەمای لاوەکین و دەکرێت نەبن.

**بنەماکانی لێکچواندن ئەمانەن:**

**لێچوو:** شتێکە سیفەتێکی بەڕادەیەکی ئاسایی تێدایە ، بۆئەوەی سیفەتەکەی زەق بکەینەوە، بە وشەیەکی تری دەچوێنین کە هەمان سیفەتی بەڕادەیەکی زۆر زیاتر تێدایە.

**لەوچوو:** ئەو شتەیە کە سیفەتە هاوبەشەکەی بەڕادەیەکی زۆر، یان بەڕەهایی، تێدایە، بەو هۆیەوە لێچووی پێ دەچوێنرێت.

**ڕووی لێچوون:** ئەو سیفەتە هاوبەشەیە کە لەنێوان لێچوو و لەوچوودا هەیە.

**ئەوزار (ئامراز):** ئامرازی لێکچواندنە. لەشێوەی ئامراز و کار دا دەردەکەوێت. وەک: (وەکو، وەک، وێنە، چەشنی، ئاسا، ئەڵێی، لەو ... ئەچێ، لەو...ئەکا، تەرز، چون) (گەردی، 1972،ل: 32-33)

#### 2.3.1.2 جۆرەکانی لێکچواندن:

جۆرەکانی لێکچواندن بەپێی سەرچاوەکانی ڕەوانبێژی گەلێک جۆرن، هەندێکیان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر واتا و وێنەی شیعری هەیە، هەندیکیشیان پەیوەندییان بە تەکنیکی بەکارهێنانی لێکچواندن و ڕیزکردنی بنەماکانی لێکچواندنەوە هەیە. ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەو جۆرانە باسدەکات کە پەیوەندییان بە واتای وێنەی شیعرییەوە هەیە. ئەوانیش بەپێی بوون و نەبوونی (ئەوزار و ڕووی لێکچوون) هەروەها بەپێی (جۆری ڕووی لێکچوون)ن. ئەم جۆرانەش بەم چەشنەن:

##### 2.3.1.2.1 جۆرەکانی لێکچواندن بەپێی بوون و نەبوونی ئەوزار و ڕووی لێکچوون:

**لێکچواندنی تەواو:** ئەوەیە هەرچوار بنەمایەکەی لێکچواندنی تێدا بێت. وەک:

| |
|---|
| صەبر تۆبی خوا! تاوێکیتر ڕاوەستە، تا عومرم |
| وەکوو ڕۆژی چلەی زستان لە هەوری مەینەت ئاوا بێ؛ (گۆران، 1980،ل: 223) |

عومر: لێچووە زستان: لەوچووە وەکو: ئەوزارە لەهەوری مەینەت ئاوابن: ڕووی لێچوونە

**لێکچواندنی جەختاو:** ئەوەیە ئەوزاری تێدا نەبێت.

| |
|---|
| شارەمێرووولەی ناو پەنگاوی قووڵ: |
| پۆل پۆل ماسی بوو ئەیکرد جموجووڵ! (گۆران، 1980، ل139) |

پۆلی ماسی: لێچووە شارەمێرووولە: لەوچووە ئەیکرد جموجووڵ: ڕووی لێچوونە ئەوزار نەهاتووە

**لێکچواندنی پوختە:** ئەوەیە ڕووی لێچوونی نەبێت. وەک:

| |
|---|
| کوڕی خۆم، ڕێبواری جوان و هەرزەکار! |
| جیاوازیی چیت دیوە |
| لە کانی و پلووسکی ژێر سێبەری دار، |
| کە زیخی، مرواری و ئاوی وەک زیوە؟ (گۆران، 1980، ل 347) |

ئاو: لێچووە زیو: لەوچووە وەک: ئەوزارە ڕووی لێچوون نەهاتووە

**لێکچواندنی ڕەوان:** ئەوەیە ئەوزار و ڕووی لێچوونی نەبێت. ((ئەمەیان بەهێزترین جۆری لێکچواندنە، چونکە لێچوو یەکسان دەکات بە لەوچوو)). (سکاکي، 1987، ل355).

| |
|---|
| بۆ بەندییەک کە زیندانی دڵی خەمباری |
| دوا دەلاقەی گیراوە لە ڕۆژی بەهاری، (گۆران، 1980، ل 219) |

دڵ: لێچووە زیندان: لەوچووە ئەوزار و ڕووی لێچوونی نییە

**2.3.1.2.2 جۆرەکانی لێکچواندن بەپێی جۆری ڕووی لێچوون:**

**لێکچواندنی ئاسایی (نا وێنەیی):** (ڕووی لێکچوون لەم جۆرەیاندا بەشێک نییە لە وێنەیەکی گشتی) . ئەم جۆرەیان لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێنەکراوە، بەڵام وەك پێویستییەکی ئاماری و لۆجیکی، لەبەرانبەر جۆری دووەم، کە لێکچواندنی وێنەییە، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیە دامانناوە. وەک:

| |
|---|
| جوانەی تریش هەر وەکوو ئەم جوانانە |
| نەیتوانیوە دامرکێنێ ئەم گیانە (گۆران، 1980، ل48) |

**لێکچواندنی وێنەیی:** (ڕووی لێچوون لەم جۆرەیاندا بەشێکە لە وێنەیەکی گشتی)، واتە ڕووی لێکچوون بەشێوەی وێنەیەکی گشتی دەخرێتەروو. (الهاشمي، ؟، ل233)

| |
|---|
| وەك بگری بەکوڵ دنیای سەرمەستی قاقای پێکەنین |
| لەهەموو عاستێ فرمێسکی کانیی گەرمی هەڵقوڵین (گۆران، 1980، ل169) |

### 2.3.2 خوازە:

(ئەوەیە کە: وشەیەک، یان دەربڕینێک، بۆ واتایەکی تر بەکاربێت جیا لەو واتایەی لەقسەکردندا هەیەتی) (السيوطي، ؟، ل91)، ئەمەش بەهۆی بوونی ئاماژەیەکی (قەرینە) واژەیی یان واتایی کە ڕێگری لەوە دەکات دەربڕینە خوازەییەکە واتای بنەرەتیی خۆی بگەیەنێت. خوازە دوو جۆری هەیە:

### 2.3.2.1 خوازەی زمانی:

ئەو خوازەیە یە کە لە وشەدا ڕوودەدات. ((بریتییە لە گوازتنەوەی وشە لە واتای دروستی خۆی، کە لەبنجدا بۆی دانراوە، بۆ واتایەکی نوێ، ئەمە لەبەر بوونی پەیوەندییەک لەنێوان واتای یەکەم و دووەم، دیارە دەبێ قەرینەیەکیش هەبێ، ڕێگری بکات لەوەی واتای یەکەم مەبەست بێ و بیر بۆ ئەوە ببات مەبەست واتای دووەمە)) (مستەفا، 2011، ل165) خوازەی زمانی بەپێی جۆری پەیوەندیی نێوان واتای ڕاستەقینەی وشەکەو واتا خوازەییەکەی، دوو جۆری هەیە:

### 2.3.2.1.1 خواستن:

ئەو خوازە زمانییەیە کە پەیوەندیی نێوان واتای ڕاستەقینەو واتای خوازەیی، لێکچوون بێت. خواستن لە لێکچواندنەوە سەرچاوە دەگرێت. بەگشتی ئەگەر یەکێک لە دوو بنەرەتە سەرەکییەکەی لێکچواندنی ڕەوان نەهاتبوو، ئەوا لێکچواندنەکە دەبێتە خواستن. (لێچوو) دەبێتە (بۆخوازراو) و (لەوچوو) دەبێتە (لێخوازراو). لەهەندێک باردا، وەك (السكاكي،1987، ل:355) ئاماژەی پێدەدات: (یەکێک لەدوو بنەرەتە سەرەکییەکەی لێکچواندن دەرناکەون، بەڵام هونەرەکە هەر بە لێکچواندن دەمێنێتەوە. ئەم بارانەش تایبەتن بە دۆخی وەڵامدانەوەی پرسیارو دۆخی دووبارەبوونەوەی ناو لەکاتی قسەکردندا. بۆنموونە ئەگەر پرسیار بکرێت: هێمن کوڕێکی چۆنە؟ لەوەڵامدا بڵێیت: وەک شێرە. یان بڵێیت: شێرە، ئەوا ئەو ڕستەی وەڵامە لەگەڵ ئەوەی لێچووەکەی تێدا نییە، بەڵام هەر لێکچواندنە). هونەری خواستنیش وەک هونەری لێکچواندن، جۆری زۆرن. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو جۆرە سەرەکییانە وەردەگیرێن کە پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە. ئەمانیش بەم شێوەیەن:

### 2.3.2.1.1.1 جۆرەکانی خواستن بەپێی دوو جەمسەری خواستنەکە (بۆخوازراو - لێخوازراو). دووجۆری خواستن هەیە:

**خواستنی ئاشکرا:** ئەوەیە لێخوازراو هەبێت و بۆخوازراو نەبێت.

| | |
|---|---|
| دایە! ئاو ئەو ئاوە، جێگە ئەو جێیە | |
| هیچ نەگۆڕاوە، | |
| بەڵام سوورەگوڵێک هەیە لەم دێیە | |
| مەنیجی ناوە | (گۆران، 1980، ل 347) |

بۆخوازراو: یاری شاعیر (دەرنەکەوتووە). لێخوازراو: سوورەگوڵ (دەرکەوتووە)

**خواستنی درکاو:** ئەوەیە بۆخوازراو هەبێت و لێخوازراو نەبێت.

| | |
|---|---|
| کەچی چ زوو، چ کتوپڕ لە پەنجەیی وەرەما | |
| لەشی شل و پەمەییت، ئەی گوڵی جوان، ژاکا! | |
| چ زوو توایەوە حوسنت لە قرچەقرچی غەما، | |
| دوو پێشە ما... ئەویش ئەڕزێ لە سینەیی خاکا! | (گۆران، 1980، ل95) |

بۆخوازراو: خاک (دەرکەوتووە) لێخوازراو: مرۆڤ (دەرنەکەوتووە) پەیوەست: سینە

### 2.3.2.1.1.2 جۆرەکانی خواستن بەپێی بوونی گونجانەکان:

ئەگەر لە خواستندا سیفەتێک یان دەربڕینێک هاتبێت، ئەوا ئەو دەربڕینە یان لە لێخوازراو نزیکەو لەگەڵی دەگونجێت، یان لە بۆخوازراو نزیکەو لەگەڵی دەگونجێت. بەم پێیەش خواستن سێ جۆری هەیە:

**خواستنی پاڵێوراو:** ئەو وەسفەی کە هەیە لەگەڵ لێخوازراو دەگونجێت، (خواستنی پاڵێوراو لەرووی واتاوە لە خواستنی پەتی بەهێزترە). (الدمنهوري، ؟، ل125)

| |
|---|
| بەڵێ! بگری هەور، بارانی پاییز، بێ وچان بگری، |

| |
|---|
| لەسەر باغچەی گوڵێ وا سیس ئەبێ ئاخر چڵی عومری! (گۆران، 1980، ل166) |

هەور: لێخوازراوە، مرۆڤ: بۆخوازراوە دەرنەکەوتووە. بگری: لەگەڵ لێخوازراو دەگونجێت.

**خواستنی پەتی:** ئەو وەسفەی کە هەیە لەگەڵ بۆخوازراو دەگونجێت.

| |
|---|
| جارجار لە ئوفوق ڕائەوەشا شیری برووسکە، |
| گرمەی غەزەبی گوێی کەڕ ئەکرد هەورەتریشقە؛ (گۆران، 1980، ل171 ) |

برووسکە لە نیوەدێڕی دووەمدا لەمرۆڤ چوێنراوە. بروسکە بۆخوازراوە، مرۆڤ لێخوازراوە و دەرنەکەوتووە. (گرمەی غەزەب) لەگەڵ برسکە نزیکە کە بۆخوازراوە.

**خواستنی ڕەها:** ئەو وەسفەی کە هەیە لەگەڵ هەردووکیان دەگونجێت، یان لەگەڵ هیچیان ناگونجێت و بێلایەنە. وەک:

| |
|---|
| باران سەرەتای ڕیققەتی بوو :نم نم ئەگریا، |
| وەستابوو زەوی تینوو، زەلیلانە لە بەریا ! (گۆران، 1980، ل171) |

(باران) بۆخوازراوە و (مرۆڤ) لێخوازراوە. (نم نم ئەگریا) لەگەڵ هەردووکیان دەگونجێت. (نم نم) تایبەتە بە بارینی باران و (ئەگریا) تایبەتە بە مرۆڤ.

### 2.3.2.1.1.3 جۆرەکانی خواستن بەپێی بەرجەستەیی و خەیاڵیی بۆخوازراو:

لێرەدا سەرنج لەسەر بۆخوازراوە، ئایا شتێکی بەرجەستەیە کە بەپێنج هەستەکەو بەعەقڵ پەی پێ ببرێت، یان بیرێکی خەیاڵی و ڕامانییە. بەو پێیە خواستن دوو جۆری هەیە:

**خواستنی بەرجەستە:** وەک:

| |
|---|
| تاوتاو لێی ئەدا تەپڵی هوموومو تەرزە بە ئاهەنگ؛ |
| وەختێ کە ئەهات حەملەیی با تونگ و خرۆشان، (گۆران، 1980، ل171) |

(تەرزە) بۆخوازراوە، وشەیەکی بەرجەستەیە، بەهەستەکانی مرۆڤ هەستی پێدەکرێت.

**خواستنی ڕامانی:** وەک:

| |
|---|
| ئەی شوعاعی هەتاوی حەقق و نەجات |
| مەدەنییەت !دەخیلە سا پەلەپەل |
| پڕ زیا کە سەمایی تاری ئەمەل |
| با ببینین بەهەشتی ڕاستی حەیات! (گۆران، 1980، ل71) |

(مەدەنییەت) بۆخوازراوە، ناوێکی واتاییە و مەبەستێکە لەخەیالی مرۆڤدا.

### 2.3.2.1.2 خوازەی ڕەها:

(ئەو خوازە زمانییەیە کە پەیوەندیی نێوان واتای ڕاستەقینەی وشەکە و واتا خوازراوەکەی لێکچوون نەبێت و پەیوەستێکیش هەبێت کە مەبەست لە خوازراوەکە واتا بنەڕەتییەکەی نییە). (سلوم و نورالدین، 1990، ل138). پەیوەندییەکانی تر، جگە لە لێکچوون، بەپێی سەرچاوەکانی ڕەوانبێژی ژمارەیان زۆرە و سنووردار نەکراون. الهاشمي (، ؟، ل255-252 ) نۆزدە (19) جۆری پەیوەندی و چوار (4) لقە پەیوەندی باسدەکات کە بەهەموویان دەبنە بیست و سێ(23) پەیوەندی. هەروەها (د. عەزیز گەردی) (١٩٧٢، ٨٣-٨٥ ) نۆ (9) پەیوەندی باسکردووە، بەڵام نموونەی شیعریی تەنیا بۆ چوار (4) پەیوەندی هێناوەتەوە. پەیوەندییەکانی خوازەی ڕەها ئەمانەن:

**پەیوەندیی پاژێتی/ جزئیة:** ئەوەیە وشەی خوازراو بەشێک بێت لە گشت و لەجیاتی گشت بەکاربێت. بۆنموونە:

| |
|---|
| وام ئەزانی پێچکەی تەختی |
| دامەزراوە لە سەر سەختی... |
| کەچی بە یەک دەستڕێژی تۆپ |
| تەخت وەرگەڕا، بەخت وتی: هۆپ! (گۆران، 1980، ل289) |

وشەی (تەخت) بەشێکە لە تەواوکارییەکانی دەسەڵات، بەڵام لەجیاتی فەرمانڕەوایی و دەسەڵات بەکارهاتووە.

**پەیوەندی هاماوی/ الكلية:** ئەوەیە گشت بخوازرێت و لەجیاتی واتای بەشێک بەکاربێت. بۆنموونە:

| |
|---|
| بۆنی درەخت و دەوەنی ناو کێو |
| تازەی کردەوە نیوگیانی سەر لێو (گۆران، 1980، ل140) |

گۆران وشەی (درەخت)ی لەجیاتی گەڵاو گوڵی درەخت بەکارهێناوە کە بەشێکن لە درەخت و بۆن و بەرامەکە هـی ئەوانە نەک هی بەشە دارینەکەی درەخت.

**پەیوەندیی تایبەتی/ الخصوصية:** ئەوەیە ناوێکی تایبەتی بخوازرێت و لەجیاتی ناوێکی گشتی بەکاربێت. وەک:

| |
|---|
| ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەف قەف بڕ! |
| ڕۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان، دڕ! (گۆران، 1980، ل309 ) |

(کاوە) ناوێکی تایبەتییە، بۆ مەبەستی وشەی (کورد) بەکارهاتووە بەگشتی.

**پەیوەندیی گشتی/ العمومية:**

| |
|---|
| قەومی کوردی هەژاری بێچارە |
| وێڵی تەیهی جەهالەتە، هاوار! |
| ماندوو، مردووە، غەرقی تۆز و غوبار |
| تەی ئەکا ئەمر موحیتی ئەسرارە! (گۆران، 1980، ل71) |

(قەومی کورد) گشتییە و بۆ مەبەستی بەشێکی کورد بەکارهاتووە کە وەسفکراون.

**پەیوەندیی ڕابردوویی:**

| |
|---|
| ئاخ ئەی ئاسیا... ئەی بالۆرەی دەمی ئەورووپا! |
| ئەی بالۆرەی پڕ لە هەموو شت |
| ئەی بالۆرەی پڕ لە گەنم (گۆران، 1980، ل504) |

وشەی (گەنم) بەواتای خواردن و بەرووبووم بەکارهاتووە، ئەمەش چونکە گەنم سەرچاوەی نانە. بۆیە وشـەی گەنـم بە پەیوەندیی ڕابردوویی بۆ واتای (خۆراک) خوازراوە.

**پەیوەندیی داهاتوویی:** ئەوەیە شتێک لەداهاتوودا ڕوودەدات، ئەم ڕووداوە بۆ ئێستا بخوازرێت و سەرنجی خەڵکی بۆ ڕابکێشرێت. وەک:

| |
|---|
| بەڵام، هێشتا پەرچێک مابوو؛ |
| نرکەی خوای دۆلار پەیا بوو: |
| خوای بە دراو بەرچاو گێژکەر، |
| باوەڕی لەق لەخشتەبەر، (گۆران، 1980، ل239) |

(خوای دۆلار) مەبەست لەم خوازەیە وڵاتی ئەمریکایە، کە بەهۆی دۆلارەوە خەڵکی دەیپەرستن، بەڵام ئەو کارە شتێکی داهاتوویە و ڕوویندەداوە.

**پەیوەندیی پەیوەستێتی:** ئەوەیە باسی شتێک بکرێت کە پەیوەستی شـتێکی تـرە. مەبەسـتیش شـتەکەی تـر بێـت کە (پێویسـت)ە. بۆنمـوونە (عیـراق) پێویستە بۆ (دیجلەو فورات). دیجلەو فوراتیش پەیوەستی عیراقن. جا لێرەدا باسی دیجلەو فورات دەکرێت و مەبەست عیراقە.

| |
|---|
| ڕۆڵەی دووری دەشت نشینم |
| ئەبوو، هەرگیز، تێر نەبینم ! |
| ڕۆلەم لەگەڵ ڕۆڵەی دیجلە، |
| لەگەڵ ڕۆڵەی دیجلە و فورات: |
| لە خوێناوا ئەیکرد مەلە، (گۆران، 1980، ل297) |

**پەیوەندیی پێویستێتی:** ئەوەیە باسی شتە پێویستەکە بکرێت لەجیاتی پەیوەستەکەی. بۆنموونە: ڕووناکی پەیوەستی هەتاوە. هەتـاو پێویستی ڕووناکییە. جا لەم پەیوەندییەدا، باسی هەتاو دەکرێت لەجیاتی ڕووناکی. وەک لەم دێڕەدا:

| |
|---|
| تا هەوری ڕووی ئاسمان دڕ ئەدا و هەتاو |

| | |
|---|---|
| ئارامیی شیرینتر ئەخاتەوە ناو! | (گۆران، 1980، ل179) |

کە هەور پەرت دەبێت، ڕووناکی هەتاو دەگاتە سەرزەوی نەک خودی هەتاو.

**پەیوەندی هۆکارێتی:** ئەوەیە هۆکاری شتێک لەجیاتی شتەکە باس بکرێت. وەک:

| | |
|---|---|
| بە کوڵ گریان لە چاوم دێ، گوڵی لاولاوی ڕەنگاوڕەنگ! | |
| لە بەرچی سیس ئەبی وا زوو؟ چییە ئەسبابی ژاکانت؟ | (گۆران، 1980، ل223) |

(گریان) لەچاو نایەت، بەڵکو گریان ئەو هۆکارەیە کە فرمێسک لەچاو دەهێنێت. مەبەستی شاعیر فرمێسکە و وشەی گریانی بە پەیوەندیی هۆکارێتی بۆ خواستووە.

**پەیوەندیی بەرهۆیێتی:** ئەوەیە باسی وشەیەک بکرێت کە بەرهۆ و ئەنجامی شتێکی ترە. مەبەستیش ئەو شتە بێت کە باسی نەکراوە و هۆکارە بەراستییەکەیە. وەک:

| | |
|---|---|
| تا ئینسان، | |
| لە سێبەری ئاشتییا، | |
| دەستی بچێتە فرمان، | |
| لمی دەشت، بەردی چیا، | |
| پڕکات لە گوڵ و لە نان! | (گۆران، 1980، ل330) |

دیارە کە (نان) لەزەوی ناچێنرێت، بەڵکو گەنم و جۆ دەچێنرێن و دواتر دەکرێنە نان.

**پەیوەندیی سەرچاوەیی:** ئەوەیە ناوی سەرچاوەی شتێک بەکاربێت لەجیاتی خودی شتەکە. وەک:

| | |
|---|---|
| ئەو کوڕ بوو، سەرەڕای ئەوەش دەستدار بوو، | |
| بە دەستووری گەل | |
| ناپاکیی کردەوەی دوور لە پرسیار بوو، | |
| بەڵام، ئـــاخ ئەجەل! | (گـــۆران، 1980، ل210) |

وشەی (دەستدار) لەجیاتی (دەسەڵاتدار) بەکارهاتووە. بەڵام ئەمەش چونکە دەست سەرچاوەی هێز و دەسەڵاتە.

**پەیوەندیی شوێنی:** وەک:

| | |
|---|---|
| بەڵام منی بێگانەی کۆڕ | |
| شەونشینیم لێ نایە زۆر | |
| ناچار لەگەڵ هاوڕێم هەڵساین | |
| خەو ئەمر بەهەشتەی لەکیس داین! | (گۆران، 1980، ل56) |

وشەی (بەهەشت) بۆ واتای (شوێنی خۆش) بەکارهاتووە. دیارە کە بەهەشت شوێنی خۆشییە ڕەهاکانە، شاعیریش ئەم کۆڕەی زۆر لەلا خۆش بووە، بۆیە وشەی بەهەشتی خواستووە.

**پەیوەندیی کات:** وەک:

| | |
|---|---|
| دایکم فرمێسکی خەمی | |
| وەک دڵۆپی بەهار بێ | (گۆران، 1980، ل421) |

(دڵۆپ) هی بارانە، بەڵام چونکە بەهار کاتی بارینی دڵۆپە بارانی گەورەیە، بۆیە وشەی بەهاری خواستووە تا گوزارشت لە گەورەیی قەبارەی دڵۆپەبارانەکان بکات.

**پەیوەندیی ئامرازێتی:** لەجێی ئەوەی باسی کارێک بکرێت، باسی ئەو ئامرازە دەکرێت کە کارەکەی پێ ئەنجامدەدرێت. بۆنموونە:

| | |
|---|---|
| کۆشی گەرم و دەروونی سارد و سڕ بوو | |
| زمانی نەرم، نیهادی ئێجگار دڕ بوو! | (گۆران، 1980، ل49) |

زمانی نەرم، واتە قسەی نەرم، زمان ئامرازی قسەپێکردنەو لەجێی وشەی (قسە) بەکارهاتووە.

### 2.3.2.2 خوازەی ژێری:

ئەو خوازەیە کە لەڕستەدا ڕوودەدات. ئـەمیش ئەوەیە (بـاس - مسـند)ێک بـدرێتە پـاڵ (باسـکراو – مسـند إليـه) یێـک، کە لەڕووی واتاوە لەگەڵ یەکتری گونجاو نەبن. واتە خوازەی ژێری لە تاکە وشەیەکدا دەرناکەوێت، بەڵکو لە کۆی ڕستەکە دەردەکەوێت. لە زمانی کوردیدا ئەم خوازەیە لە ئەنجامی نەبوونی گونجانی واتایی ڕوودەدات کاتێک کارێک دەخرێتە پاڵ بکەرێکی نەگونجاو، یان گوزارەیەک دەخرێتە پاڵ نیهادێکی نەگونجاو.

بابەتی خوازەی ژێـری، لە نێـو سـەرچاوە عەرەبـی و کوردییەکانـدا تێکەڵییەکـی زۆری دروسـت کـردووە. ئەمە وایکـردووە هەنـدێک لە سـەرچاوە عەرەبییەکـان ڕەتـی بـکەنەوە، وەک (السـكاكي، 1987، 400-401). هەروەهـا (الهاشـمي، ؟، ل253-254)) خـوازەی ژێـری بـە هـیچ پەیوەندییێکـەوە نابەسـتێتەوە. تەنانـەت ناویشـی گۆڕیـوە بـۆ (خـوازەی لێکـدراو). سـەرچاوەکانی تـریش هەریەکەیان بە پێی بۆچوونی خۆی، ژمارەیەک پەیوەندیی باسکردووە. لە سەرچاوە کوردییەکانیشدا هەمان دیاردە هەیە. بۆنموونە:

(سجادی، 1978، ل57-59) باسی چوار بەشی خوازەی ژێـری کـردووە لەسـەر بنەمـای ئەوەی هەردووسـەری دانەپـاڵکە ڕاسـتەقینەن یـان مەجاز. واتە لەوە نەدواوە کە (مسند إليه) چ پەیوەندییەکی لەگەڵ (مسند)ەکەیدا هەیە و چی وایکردووە کە لە جیاتی ئەو بخوازرێت.

(عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا – بەرگی یەکەم): باسی (٣) پەیوەندیی کردووە: (دانەپاڵ هۆ، دانەپاڵ کات، دانەپاڵ شوێن) (گەردی، ١٩٧٢، ل86-87)

(د. ئیدریس عەبدوڵلا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا): باسـی (٦) پەیوەنـدیی کـردووە: (پەیوەنـدیی کـات، پەیـوەنیی شوێنی، پەیوەندیی بەرکاری، پەیوەندیی هۆیی، پەیوەندیی سەرچاوەیی/ مصدری، پەیوەندی پەیوەستەکی شوێنی) (عەبدوڵلا، 2011، ل177-181)

موحسین ئەحمەد مصطفی گەردی، بەهاری ڕەوانبێژی: باسی (٣) پەیوەندیی کردووە: (دانە پـاڵ کـات، دانە پـاڵ شـوێن، دانە پاڵ هۆکار) (مصطفی، 2013، ل:168-170)

**جۆرەکانی دانەپاڵ (إسناد) و نموونەکانیان لە (دیوانی گۆران)دا بەم شێوەیەن:**

**دانەپاڵ کات:** وەک:

| | |
|---|---|
| ئەگەر وەک باوکە حەسرەت دیدەکەت زەهرت بچێژایە، | |
| زەمان گەردی ئەمەلتی گشت بە دەم باوە بپێژایە؛ | (گۆران، 1980، ل201) |

وشەی (زەمان) بووەتە بکەری کاری (بپێـژایە). ئەمەش خـوازەی ژێـرییە بە دانەپـاڵ کـات، چـونکە زەمـان ناتوانێـت هـیچ کارێک بکات. ئەوانەی لەناو زەمان دەژین، کارەکان ڕادەپەڕێنن.

**دانەپاڵ شوێن:** وەک:

| | |
|---|---|
| وشکەچەم وەک جەوری سەردەم هەڵساوە؛ | |
| بەرگـــــــی سەوز و نەرمـــــی بەهار ژاکاوە | (گۆران، 1980، ل:178 ) |

وشکەچەم ئەو شوێنەیە کە ئاوی پێدا دەڕوات. کە باران دەبارێت ئاوی چەم هەڵدەستێت. بەڵام چونکە (چەم) شـوێنی ڕۆیشتنی ئاوە، شاعیر بە پەیوەندیی شوێنی لەجێی (ئاو) بەکاریهێناوە.

**دانەپاڵ هۆکار:** وەک:

| | |
|---|---|
| عەشقی ئێوارەی سەرەڕێی کانی، | |
| بەر ئەداتە چەم کڵپەی گۆرانی | (گۆران، 1980، ل134) |

بکەری گۆرانی گوتن، لاوە عاشقەکانن نەک عەشق بەخۆی. بەڵام چونکە عەشق هۆکاری گۆرانی گوتنەکەیە، خـوازراوە و کراوەتە بکەر. واتە کارەکە خراوەتە پاڵ هۆکارەکەی.

**دانەپاڵ پەیوەستێکی کار:** ئەوەیە وشەیەک لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدا وەک هاوواتای کارێکی لێهاتبێت و بووبێتە پەیوەستی کـارەکە. کە ئەو وشەیە ببیسـتیت بزانیـت قسـەکەر مەبەسـتی کـارەکەیە. جـا لەم جـۆرە خـوازەیەدا، ئەم وشـە پەیوەسـتە لەجیـاتی کـارەکە بەکاردێت. لەگەڵ ئەوەی ئەم دۆخە لە دانەپاڵدا زۆر دەگمەنە، بەڵام نموونەی لە ناو شیعرەکانی گۆراندا هەیە:

| | |
|---|---|
| بنچینەی مزگەوت نیشتۆتە ناو چەم، | |
| ڕوو بەرەو قیبلە، پشت لە جەهەنەم! | (گۆران، 1980، ل132) |

وشەی (پشت) کورتکراوەی (پشت تێکردن)ە، مانای (دوورکەوتنەوەو وازهێنان) دەگەیەنێت. بۆیە وشەی (پشت)، بە پەیوەستی ئەو کارانە دادەنرێت کە واتای (وازهێنان، دوورکەوتنەوە، ...) دەگەیەنن.

### 2.3.2.2.1 ڕای جیاواز لەبارەی خوازەی ژیرییەوە:

(سەکاکی) (خوازەی ژیری) ڕەتدەکاتەوە و خوازەی ڕەها دەسەلمێنێت، پێی وایە نموونەکانی وەک [(بەهار دانەوێڵەی ڕواند، پزیشکەکە نەخۆشەکەی چاککردەوە، خەلیفە بەرگی نوێی بەبەر کەعبەدا کرد، فەرمانڕەوا لەشکری دوژمنی بەزاند) .... دەچنە سنووری (خواستنی درکاوەوە)، واتە بەهار دەکرێتە بکەر، لەجیاتی بکەری ڕاستەقینە، بەهۆی زیادەڕەوی لە لێکچواندندا] (السكاكي، 1987، 400-401). مەبەستی سەکاکی ئەوەیە: وشەی بەهار لەجیاتی وشەی (خوا) بەکارهاتووە، بەهۆی لێکچوونیان لە کرداری ڕواندندا، ئەوەندە هەیە لێکچواندنەکە زیادەڕەویی تێدا کراوە، چونکە بەهار بەتەنیا توانای ئەو کارەی نییە. بۆ ڕستەکانی تریش هەمان لێکدانەوەی هەیە.

**ڕای ئێمە ئەوەیە:** بۆچوونەکەی سەکاکی، لەڕووی لێکدانەوەوە ڕێی تێدەچێت، بەڵام لەڕووی مەبەستی بەکارهێنانی خواستنەوە گونجاو نییە. چونکە مەبەستی قسەکەر ئەوە نییە پزیشک یان بەهار وەک (خوا) بێت لە کارێکدا، بەڵکو مەبەستەکە چەشنێکە لە کورتبڕی وەك (الجرجاني، ؟، ل461 - 464) ئاماژەی بۆ کردووە، واتە لەجیاتی ئەوەی بڵێین (کاتێک پزیشکەکە خەریکی تیماری نەخۆشەکە بوو، خوا چارەی کرد)، ڕستەکەمان کورت کردووەتەوە و گوتوومانە (پزیشکەکە نەخۆشەکەی چارەکرد). خۆ ئەگەر مەبەستەکەی (سەکاکی) بەراست دابنێین و پێمان وابێت کە مەبەستی قسەکەر ئەوەیە پزیشکەکە وەک خوا شیفای بەخشیبێت، واتە قسەکەر بۆچوونەکەی خۆی بە ڕاست بزانێت، ئەوا هەر بەپێی بۆچوونی (سەکاکی)، ئەم دەربڕینە نابێتە خوازەو دەبێتە (دروست - حقيقة). چونکە سەکاکی پێی وایە: (قسەی ئەو کەسەی باوەڕی وایە ئەو بکەرەی باسی کردووە ڕاستەقینەیە، یان ئەو کەسەی نەفامەو پێی وایە بکەرەکەی ڕاستەقینەیە، یان ئەوکەسەی خوازە بەکاردێنێت بەڵام مەبەستی درۆکردنە نەک جوانی دەربڕین، ئەوا قسەی هەرسێکیان بەدروست دادەنرێت) (السكاكي، 1987، ل:393-394). بۆیە ئێمە پێمان وایە (خوازەی ژیری) جۆرێکی خوازەیە، وەک لە پێناسەکەیدا هاتووە، لەکاتی دانەپاڵ بکەردا دروستدەبێت، بەمەرجێک دانەپاڵەکە نەگونجاوبێت.

### 2.3.3 درکە:

(دەربڕینێکە مەبەست پێی ئەو واتا لاوەکییە بە کە لەپاڵ واتا ڕاستەوخۆیەکەی دێت، بەڵام دەکرێ و دەگونجێ مەبەستی قسەکەر واتا ڕاستەوخۆکەش بێت) (عتيق، 1985، ل:203)، لێرەدا قسە لەبارەی ئەوە زۆرە کە چۆن ڕێی تێدەچێت واتا ڕاستەقینەکە مەبەست بێت لەکاتێکدا زۆر نموونەی درکە هەن بەهیچ جۆرێک واتا ڕاستەقینەکەیان گونجاو نییە! لەم بارەیەوە پێمان وایە کە: واتای ڕاستەقینەی درکە هەمیشە بەپێی لۆژیک گونجاوە، مەرج نییە کەسێک ئەنجامی بدات، بەڵام هەموو کەسێک لەتوانایدا هەیە ئەنجامی بدات، با مەبەستی دەربڕینە درکاوەکەش ئەو واتایە نەبێت. درکە بەپێی ئەوەی چۆن باسی شتێک دەکات، ئەم جۆرانەی هەیە (عتيق، 1985، ل212-217):

**درکە لە سیفەتی شت:** ئەو دەربڕینەیە کە باسی شتێک، یان باسی هەندێک سیفەتی شتێک دەکات، بەڵام مەبەست لێی سیفەتێکی تری شتەکەیە کە باس نەکراوە و دوای سەرنجلێدانی دەردەکەوێت. بۆنموونە:

| | |
|---|---|
| ئەمڕۆ بازووی بە کار بۆ کورد، | |
| (ژنی بەرز وەک مانگی دەست کرد)، | |
| چەکوش بە دەست، داس بە دەستە، | |
| ڕۆشنبیر و خاوەن هەستە | (گۆران، 1980، ل315) |

مەبەست لە سیفەتی (چەکووش بەدەست و داس بەدەستە) ئەوەیە ئەو ژنانە (شیوعی) کۆمۆنیستن.

**درکە لە خودی شت (موصوف):** ئەو دەربڕینەیە کە باسی سیفەتی شتێک دەکات و مەبەست لێی خودی شتەکەیە. وەک:

| | |
|---|---|
| لەڕێی ئەوبەری شاخ دەنگی زەنگ دێ، | |
| لە شوێنی ڕاوکەر تەقەی تفەنگ دێ! | (گۆران، 1980، ل131) |

(دەنگی زەنگ دێ) درکەیە لە ڕۆیشتنی مێگەلی مەڕومالآت بەو ناوچەیەدا.

**درکە لە هاوگریدا (نسبة):** ئەم جۆرەیان (درکەی دوور)یشی پێدەگوترێت، چونکە (هەتا بە واتاکەی دەگەین پێویستمان بە چەند هەنگاوێک هەیە) (الهاشمي، ؟، ل:288)، لەم جۆرەدا سیفەت و وەسفکراو هەردووکیان هەن، بەڵام سیفەتەکە ڕاستەوخۆ نەخراوەتە پاڵ وەسفکراو، بەڵکو خراوەتە پاڵ شتێک کە بۆ وەسفکراوەکە دەگەڕێتەوە. بەمەش ناڕاستەوخۆ سیفەتەکە بۆ وەسفکراوەکە، یان بۆ سیفەتێکی تری وەسفکراوەکە دەچێت. بۆنموونە:

| |
|---|
| سەردەمێک بوو نە تریفەی مانگی هاوینم ، |
| نە گزنگی هەتاوی سەر لووتکەی بەفرینم |
| نە لەرزینی چینی سەر ڕووی گۆماوی شینم |
| نە بریقەی دووری چەمی پاش زۆر بارینم |
| نە ورشەی گیای مێرگی سەوزی دەمەو بەهارم |
| نە شنەی بای دارستانی چڕی نزارم |
| چەشنی جاران دای ئەخورپان ناخی دەروونم |
| ئەیهێنایە سەر هەڵقوڵین سەرچاوەی ڕوونم! (گۆران، 1980، ل43) |

لەم چەند دێڕەدا، کۆمەڵێک سیفەت و ڕووداو بەدوای یەکتریدا هاتوون، هەموویان نەرێ کراون، چونکە گۆران بەشێوازی ناڕاستەوخۆ دەڵێ: هەموو ئەمانە لەناخی دەروونی مندا هەن بەڵام وەک جاران کاریگەرنین. ئەمەش درکەیە لەوەی کە: ئێستا لە دڵتەنگی و پەستیدایە.

## 3- بنیاتی واتای وێنەی شیعری لە (گەشتی هەورامان)ی گۆران دا:

لەم بەشەدا، هونەرەکانی ڕوونبێژی لە هەموو دێڕەکانی شیعری (گەشت لە هەورامان) ڕووندەکەینەوە، پاشان زانیارییەکان بەشێوەی داتا و ژمارە دەخەینەڕوو، ئینجا لە کۆتایی بەشەکەدا بە وردی خوێندنەوە بۆ داتاکان دەکەین. لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە ژمارەی زنجیرەییمان بۆ دێڕەکان داناوە تا لە خشتەی داتاکاندا بەئاسانی بۆیان بگەڕێینەوە.

### 3.1 هونەرەکانی ڕوونبێژی لە شیعری (گەشت لە هەورامان)دا:

| |
|---|
| کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش |
| ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش؛ [١] (گۆران، ١٩٨٠، ل١٢٧-١٣٤) |

لەم وێنەیەدا، (شاخ) بە مرۆڤ چوێنراوە، وشەی مرۆڤ دەرنەکەوتووە. بەڵام پەیوەستی (گەردن کەش، گرتۆتە باوەش)ی لێ وەرگیراوە کە لە بنەڕەتدا بۆ مرۆڤ بەکاردێن. بەمەش هونەرەکە بووەتە خواستنی درکاو. دیمەنەکەش بە شێوازی وێنەیی خراوەتەڕوو. بۆیە بنەمای وێنەکە خواستنی درکاوە. (درکاوی بەرجەستەی پاڵێوراو).

| |
|---|
| سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی |
| بە دارستان ڕەش ناودۆڵی کپی [٢] |

لەم وێنەیەدا: (بەفر) لە سەرپۆش چوێنراوە. ڕووی لێکچوون (زۆر سپی)یە. ئەوزار نەهاتووە. شێوازی دەربڕینەکە وێنەییە. بۆیە بنەمای وێنەکە لێکچواندنی وێنەیی جەختاوە.

| |
|---|
| جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیس ماو: |
| هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو [٣] |

لەم وێنەیەدا، کرداری (ڕۆیشتن) دراوەتە پاڵ جۆگە، بەڵام ئەوەی دەڕوات ئاوی جۆگەیە نەک خودی جۆگە. جۆگە شوێنی ڕۆیشتنی ئاوەکەیە. بۆیە بنەمای وێنەکە خوازەی ژیرییە بەپەیوەندیی شوێنی.

| |
|---|
| هاوار و هاژەی کەف چەڕێنی چەم |
| بۆ تەنیایی شەو لایەلایەی خەم! [٤] |

لەم وێنەیەدا، (چەم) بە مرۆڤ چوێنراوە، وشەی (مرۆڤ) دەرنەکەوتووە. بەڵام پەیوەستی (هاوار)ی لێ وەرگیراوە کە دەنگێکی تایبەتە بە مرۆڤ. بۆیە هونەرەکە دەبێتە خواستنی درکاوی بەرجەستەی پاڵێوراو. هەروەها (هاوارو هاژە) ی بە شێوازێکی وێنەیی بە (لایەلایە) چواندووە. بەمەش لێکچواندنی وێنەیی ڕەوان (جەختاوی پوختە)ی بەرهەم هێناوە. لە نیوەدێڕی دووەمدا، وشەی (تەنیایی) خراوەتە پاڵ (شەو)، بەڵام ڕاستییەکەی تەنیایی مرۆڤە لەشەودا، شەو کاتی تەنیاییەکەیە. ئەم دەربڕینەش خوازەی ژیرییە لەسەر بنەمای

پەیوەندیی (کات). هەروەها وشەی (لایەلایە) دراوەتە پاڵ (خەم). بەڵام لایەلایە مرۆڤ دەیکات بۆ خەواندنی کۆرپەو بۆ ڕەواندنەوەی خەم. واتە (خەم) هۆکارێکی لایەلایە کردنە. ئەم هونەرەش دەبێتە خوازەی ژێری بە پەیوەندیی هۆکارێتی.

کۆی وێنەکە باسی هاژەی چەمە کە وەک لایەلایە وایە، بۆیە وێنەکە لەسەر بنەمای لێکچواندنی وێنەیی دامەزراوە.

| |
|---|
| توولەڕێی باریک، تووناوتوون پشکن |
| ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بن بن [٥] |

لەم وێنەیەدا، (توولەڕێ) بە مرۆڤ چوێنراوە. وشەی (مرۆڤ) دەرنەکەوتووە، بەڵام پەیوەستی (تووناوتوون پشکن)ی لێ وەرگیراوە. دیمەنەکەش بە شێوازی وێنەیی خراوەتە ڕوو. بەمەش هونەری خواستنی درکاوی بەرجەستەی پاڵێوراو دروستبووە. هەروەها وشەی (توولەڕێ) بووەتە بکەری دروستبوونی ئەندێشەی مرۆڤ، ڕاستییەکەی ئەو توولەڕێیە بۆ شاعیر بووەتە هۆکاری ئەندێشە. بەڵام بکەری ئەندێشەکە خودی شاعیرە. بەمەش هونەرەکە دەبێتە خوازەی ژێری بە پەیوەندیی (دانەپاڵ هۆکار). کۆی وێنەکە باسی توولەڕێی باریکە کە مرۆڤ تێیاندا سەرسام دەمێنێت. بۆیە وێنەکە لەسەر بنەمای خوازەی ژێری بە پەیوەندیی (دانەپاڵ هۆکار) بنیات نراوە.

| |
|---|
| ناو ڕێگا تەق تەق، لاڕێ بەردی زل |
| کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل! [٦] |

لەم وێنەیەدا، وشەی (گەردوون) بە مرۆڤ چوێنراوە کە تل بەبەردێکەوە بدات، وشەی (مرۆڤ) دەرنەکەوتووە. بەڵام پەیوەستی (پێی نەداوە تل) لە مرۆڤەوە وەرگیراوە. بۆیە هونەرەکە خواستنی درکاوە. (درکاوی بەرجەستەی پاڵێوراو). هەر لەم وێنەیەدا، وشەی (گەردوون) کراوەتە بکەری ڕستەکە. ئاماژەیە بۆ کات و زەمانی دوورودرێژ. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کات و زەمانە بکەری ئەو ڕووداوە نییە، بەڵکو بوومەلەرزە و بارانی بەخوڕ و داڕمانی خاک، بەردە زلەکان لەشوێنی خۆیان خلۆردەکەنەوە. بکەری ڕاستەقینەی هەموویشی خودایە. بۆیە وێنەکە لەسەر بنەمای خوازەی ژێری بە پەیوەندیی کات بنیاتنراوە. کۆی وێنەکە باسی گەردوونە پاڵ بە بەردی زلەوە بنێت و خلۆریان بکاتەوە. بۆیە لەسەر بنەمای خواستنی درکاو بنیاتنراوە.

| |
|---|
| گا سەرەوژوورە، گا سەرەوخوارە |
| تاڵی و شیرینیی دنیای ڕێبوارە! [٧] |

لەم وێنەیەدا (ڕیگای سەرەو ژوور) بە (تاڵیی دنیا) چوێنراوە. هەروەها (ڕێگای سەرەوخوار) بە (شیرینی دنیا) چوێنراوە. ڕووی لێکچوون و ئەوزار نەهاتوون. دیمەنەکە بە شێوازی وێنەیی خراوەتەڕوو. بۆیە بنەمای وێنەکە لێکچواندنی وێنەیی ڕەوانە (جەختاوی پوختە).

| |
|---|
| پێش ئەوەی بگەی بە ئاواتی دێ |
| ئەکشێتە ناو باخ توولەماری ڕێ [٨] |

لەم وێنەیەدا، (ڕێ) بە (توولەمار) چوێنراوە. ڕووی لێچوونیش (ئەکشێتە ناوباخ)ە. ئەوزار نەهاتووە. دیمەنەکە بە شێوازی وێنەیی خراوەتەڕوو، بۆیە بنەمای وێنەکە لێکچواندنی وێنەیی جەختاوە.

| |
|---|
| شنەی سێبەری داری گوێز و توو |
| ئەسڕێ ئارەقی ڕێبواری مانوو [٩] |

لە دێڕی یەکەمدا، بەکارهێنانی وشەی (شنە) خوازەی ژێرییە بە پەیوەندی شوێنی. وشەکە خراوەتەپاڵ وشەی (سێبەر)، چونکە (شنە) هی (با)یە نەک (سێبەر). سێبەر ئەو شوێنەیە کە مرۆڤی ماندوو تێیدا هەست بە فێنکی شنەی با دەکات. لە نیوەدێڕی دووەمدا، (شنەی با) بە (مرۆڤ یان هەر شتێک) چوێنراوە، لەوچووەکە دەرنەکەوتووە، بەڵام پەیوەستی (ئەسڕێ ئارەقی ڕێواری ماندوو)ی لێ وەرگیراوە. دیمەنەکەش بە شێوازی وێنەیی خراوەتەڕوو. بۆیە وێنەکە لەسەر بنەمای خواستنی درکاو (درکاوی بەرجەستەی پەتی) بنیاتنراوە. کۆی وێنەکە باسی شنەی بایە کاتێک مرۆڤی ماندووی بەر سێبەر فێنک دەکاتەوە. بۆیە وێنەکە لەسەر بنەمای خواستنی درکاو بنیاتنراوە.

| |
|---|
| تەسکینی ڕێگای باخەوباخی وێڵ |
| (مانوو نەبی) یە: لەم کێڵ، بۆ ئەو کێڵ! [١٠] |

لەم وێنەیەدا (ڕێگا) بە وشەی (وێڵ) وەسفکراوە، ڕاستییەکەی ڕێگا وێڵ نابێت، بەڵکو مرۆڤ ڕێگای لێ وێڵ دەبێت. بۆیە ئەم وێنەیە لەسەر بنەمای خوازەی ژێری بە پەیوەندیی شوێنی بنیاتنراوە.

| |
|---|
| سەلامون عەلەیک، مامەی بن دارگوێز، |
| سەلامی مانوو لە پیری بێ هێز! [١١] |

| |
|---|
| مەرحەبا سەرچاو، بەچكەی كاكۆڵ قیت |
| سمۆرەی سەر دار، ڕۆڵەی زرنگ و زیت! [١٢] |

لە نیوەی دووەمی دێڕی ژمارە (١٢)دا، (بەچكەی كاكۆل قیت) بە (سمۆرەی سەردار) چوێنراوە، بەڵام ئەوزار و ڕووی لێچوون نەهاتوون. بۆیە وێنەكە لەسەر بنەمای لێكچواندنی ڕەوان (جەختاوی پوختە) بنیاتنراوە.

| |
|---|
| ئەڕۆی، هەر ئەڕۆی... تەلانە و تەلان، |
| ئەمجا ئەگەیتە پێچی بەرماڵان [١٣] |
| كام بەر بەڕۆچكەی زۆر باسەفایە |
| چەشنی دڵی شاد دێیە، ئاوایە! [١٤] |

لە دێڕی ژمارە (١٤)دا، وشەی (بەڕۆچكە) بە (دڵی شاد) چوێنراوە، (چەشنی) ئەوزارەو (زۆر باسەفا) ڕووی لێچوونە. دیمەنەكە بە شێوازی وێنەیی خراوەتەڕوو، بۆیە وێنەكە لەسەر بنەمای لێكچواندنی وێنەیی تەواو (ڕەهای درێژە) بنیاتنراوە.

| |
|---|
| خانووی بەگزادە لە سای دەرختا |
| ئارامیی بووكە لە كۆشی بەختا [١٥] |

لەم وێنەیەدا، (خانووی بەگزادە) بە (ئارامیی بووك) چوێنراوە. هەروەها (سای درەخت) بە (كۆشكی بەخت) چوێنراوە. شێوازی لێكچواندنەكە وێنەییە. ئەوزار و ڕووی لێچوون نەهاتوون. كەواتە بنەمای وێنەكە لێكچواندنی وێنەیی ڕەوانە (جەختاوی پوختە).

| |
|---|
| خانووی ئەهالیش زۆریان دوونهۆم: |
| هەندێ قنج و قیت، هەندێ لار و كۆم [١٦] |

لەم وێنەیەدا، (خانووی ئەهالی) لێچووە، لەوچووەكەی لە دێڕی دواترە. بەهەردوو دێڕەكە وێنەیەك دروستدەكەن.

| |
|---|
| یەك لە سەر یەكتر، بەرەو لووتكەی كێو |
| بۆ ئاسمان ئەچن وەك پێپیلكەی دێو! [١٧] |

ئەم دێڕە تەواوكەری وێنەكەی دێڕی پێشووە. (پێپیلكەی دێو) لەوچووە. (وەك) ئەوزارە، (بۆئاسمان ئەچن) ڕووی لێچوونە. كەواتە بنەمای وێنەی هەردوو دێڕەكە لێكچواندنی وێنەیی تەواوە (ڕەهای درێژە). لەنیوەدێڕی دووەمدا، وشەی (ئاسمان) لە جێی وشەی (لووتكە) یان لە جێی وشەی (بەرزایی) بەكارهاتووە. ئەمەش چونكە ئاسمان (پێویست)ە بۆ زانینی ئاراستەی بەرزایی. بۆیە وێنەی ئەو تاكە دێڕە لەسەر بنەمای خوازەی ڕەها بە پەیوەندیی پێویستێتی بنیاتنراوە. وێنە گشتییەكەی هەردوو دێڕەكە باسی خانووی ئەهالییە چۆن لەسەر یەكتر وەك پێپیلكەی دێو بەرەو ئاسمان بەرزبوونەتەوە، بۆیە بنەمای وێنە گشتییەكە لێكچواندنی وێنەیی تەواوە (ڕەهای درێژە).

| |
|---|
| لە دێدا كام جێت گەورە بەرچاو كەوت: |
| ماڵی ئاغایە و خانەقا و مزگەوت! [١٨] |
| كە گەیشتیتە بەر دەرگای گەورە |
| هەر خزمەتكارە و لێت ئەدا دەورە، [١٩] |
| ڕێت پێشان ئەدەن تاكوو دیوەخان، |
| ئیتر دیوانە و مەرحەبای میوان [٢٠] |
| دەستەی خزمەتكار: فیشەكدان لە مل، |
| بە چەفتە و مشكی سەر و تەپلە زل [٢١] |
| دەست لەسەر خەنجەر چاوەڕێی فەرمان: |
| چ بۆ سەربڕین، چ بۆ سەردانان! [٢٢] |

لەنیوەی دووەمی دێڕی ژمارە [٢٢] دا، دەربڕینی (چ بۆ سەربڕین، چ بۆ سەردانان) دركەیە لەسیفەتی خزمەتكارەكان، مەبەستەكەی ئەوەیە: ئەو خزمەتكارانە تا ئەوپەڕی گوێڕایەڵن بۆ خزمەتی ئاغاكەیان، هەرچی فەرمانیان پێبكرێت دەیكەن و، گوێ بە هیچ زیانێكیش نادەن كە بەرخۆیان بكەوێت. بەمەش بنەمای وێنە هونەرییەكە دركەیە لە سیفەتدا.

| |
|---|
| هەچ كەسێك تازە بێتە دیوەخان، |
| كڕنووشێ ئەكا بە سەردانەوان، [٢٣] |
| گەرمە دیوانی شەوی بەگزادە، |

| |
|---|
| تێکەڵ و پێکەڵ بابەت و مادە!  [٢٤] |

لە دێڕی ژمارە (٢٤)دا، وشەی (گەرم) لەجیاتی (ئاوەدان) بەکارهاتووە، پەیوەندیی نێوانیان (پەیوەستێتی)یە. واتە (گەرم) پەیوەستە بۆ (ئاوەدانی) ئاوەدانی (پێویست)ە بۆ (گەرم بوون). کەواتە بنەمای وێنەکە خوازەی ڕەهایە بە پەیوەندی پەیوەستێتی.

| |
|---|
| لە ژێر مێزەرا مەلای نووشتاوە، |
| ڕیشی بۆ سەر سنگ پەرش و بڵاوە،  [٢٥] |
| قیافەت پەڕپووت وەک کتێبی کۆن، |
| زمانی شیرین، سیمای نەختێ مۆن،  [٢٦] |

لە نیوەی یەکەمی دێڕی ژمارە (٢٦)دا، وشەی (قیافەت) بە (کتێبی کۆن) چوێنراوە، (وەک) ئەوزارەو (پەڕپووت) ڕووی لێچوونە. ئەم وێنەیە لەسەر بنەمای لێکچواندنی تەواو (ڕەهای درێژە) بنیاتنراوە. لەنیوەدێڕی دووەمدا، سیفەتی (شیرین) خراوەتە پاڵ زمان، کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە (قسە) بە شیرین وەسفدەکرێت نەک زمان، بەڵام چونکە زمان ئامرازی قسەکردنە، ڕاستەوخۆ باسی زمان کراوە. بۆیە وێنەکە لەسەر بنەمای خوازەی ڕەها و پەیوەندیی ئامرازێتی بنیاتنراوە. وێنە گشتییەکە باسی مەلای مزگەوتە کە پیرێکی قسەخۆشە و قیافەتی لە کتێبی کۆن دەچێت. بۆیە کۆی وێنەکە لەسەر بنەمای لێکچواندنی تەواو بنیاتنراوە.

| |
|---|
| بازی ڕۆحی چەش بە شیعر و ئەدەب، |
| بەڵام شێوەی زووی عەجەم و عەرەب  [٢٧] |

لەم دێڕەدا، وشەی (ڕۆح) بە (باز) چوێنراوە. ئەوزار و ڕووی لێچوون نەهاتوون. بۆیە وێنەکە لەسەر بنەمای لێکچواندنی ڕەوان (جەختاوی پوختە) بنیاتنراوە.

| |
|---|
| بۆ میوان ببێ مایەی تەسەلا |
| لە کۆڕی شەوا: مەلایە و مەلا!  [٢٨] |

لە نیوەدێڕی دووەمدا، وشەی (کۆڕ) خراوەتە پاڵ شەو. ڕاستییەکەی کۆڕ هی خەڵکەو لەکاتی شەو ئەنجامدراوە. وشەی شەو لەجێی وشەی خەڵک بەکارهاتووە. بۆیە وێنەکە لەسەر بنەمای خوازەی ژیری و پەیوەندیی کاتەوە بنیاتنراوە.

| |
|---|
| تۆ و مەلا و شیعر و فەلسەفەی ئیسلام |
| گوێڕاگرتنی تاوتاوی عەوام،  [٢٩] |
| بە بێ زیاد و کەم دێنێتە پێش چاو: |
| سەرنجی کوێران لە نامەی نووسراو!  [٣٠] |

لە نیوەی یەکەمی دێڕی ژمارە (٣٠)دا، لەدەربڕینی (دێنێتە پێش چاو)، وشەی (چاو) لەجێی وشەی (خەیاڵ) بەکارهاتووە. چونکە ئەو دیمەنەی شاعیر باسیدەکات، خوێنەر بەچاو نایبینێت، بەڵکو بە خەیاڵ وێنای دەکات. بەڵام چونکە چاو ئامرازی بینینە، شاعیر وشەی چاوی هێناوە. بەمەش وێنەکە لەسەر بنەمای خوازەی ڕەها و پەیوەندی ئامرازێتی بنیاتنراوە. دوو دێڕی پێشوو [٢٩، ٣٠]، گوێ ڕاگرتنی خەڵکی نەخوێندەوار لە قسە و باسەکانی مەلا ی بە سەرنجدانی کوێران لە کاغەزی نوسراو چواندووە. واتە کوێر چەندێک دەتوانێت خەتی نوسراو بخوێنێتەوە، ئەم عەوامانەش هەر هێندە لە قسە فەلسەفەییەکانی مەلا حاڵی دەبن. بنەمای گشتیی وێنە لەم دوو دێڕەدا، لێکچواندنی وێنەیی ڕەوانە (جەختاوی پوختە).

| |
|---|
| کە دیوان چۆڵ بوو، چوویتە ناو جێگا، |
| دەست ئەکەیتە مل خەوی پاش ڕێگا!  [٣١] |

لە نیوەدێڕی دووەمدا، وشەی خەو بە مرۆڤ چوێنراوە و وشەی مرۆڤیش نەهاتووە. بەڵام پەیوەستی (دەست ئەکەیتە مل)ی لێ وەرگیراوە. دیمەنەکەش بە شێوازی وێنەیی خراوەتەڕوو. بۆیە هونەرەکە دەبێتە خواستنی درکاو (درکاوی ڕامانیی پاڵێوراو).

هەروەها لە دەربڕینی (پاش ڕێگا) دا، وشەی ڕێگا لە جێی وشەی (گەشتکردن) بەکارهاتووە، واتە (خەوی پاش گەشتکردن). بەڵام ڕێگا (پێویست)ی گەشتە، بۆیە وشەی (ڕێگا) بە پەیوەندیی (پێویستێتی) خوازراوە. هونەرەکە بووەتە خوازەی ڕەها بە پەیوەندیی پێویستێتی. ئینجا (خەوی پاش ڕێگا) لەدوای تەواوبوونی کۆڕی شەو، ڕاستییەکەی (خەوی شەو)ە. دەربڕینی (پاش ڕێگا) خوازەی ڕەهای دروستکردووە بە پەیوەندی ڕابردوویی (إعتبار ماكان). وێنە گشتییەکە باسی کەسێکی ماندووی دوای گەشتە، دەکەویتە خەوێکی قووڵ، وەک ئەوەی خەو کەسێک بێت و ئەم دەستلەملانی خەوبێت. بۆیە وێنەکە لەسەر بنەمای خواستنی درکاو بنیاتنراوە,

| |
|---|
| (ئەڵڵاهو ئەکبەر!) مەلابانگانە، |

| |
|---|
| تاریک و لێڵی بەری بەیانە [٣٢] |

لەنیوەدێڕی یەکەمدا، وشەی (مەلابانگان) بۆ باسی کاتی بانگی بەیانی خوازراوە. دیارە کە لەکۆندا کرداری بانگدان وەک ئەوەی هۆکاری زانینی کاتی نوێژەکان بووە، بەهەمان شێوە هۆکاری زانینی کاتیش بووە بەگشتی. لەناو کاتی نوێژەکانیشدا، کاتی بەیانی بە (مەلابانگان) ناوی ڕۆییوە. بۆیە وشەی مەلابانگان هۆکاری زانینی کاتێکی دیاریکراوە. کەواتە بنەمای وێنەکە خوازەی ژێرییە بە پەیوەندیی هۆکاری. هەروەها لە دەربڕینی (تاریک و لێڵی بەری بەیان)دا، (تاریک و لێڵ) لە جیاتی وشەی (کات) بەکارهاتووە. واتە دەربڕینە دروستەکەی بەم شێوەیە (ئەڵڵاهو ئەکبەر، کاتی بەری بەیانە). بەڵام دیارەی تاریک و لێڵی شەو (پێویست)ی کاتی بەری بەیانە. بۆیە لەجیاتی وشەی کات بەکارهاتووە. بەمەش هونەرەکە دەبێتە خوازەی ڕەها بە پەیوەندی پێویستێتی. وێنە گشتییەکەی ئەم دێڕە باسی کاتی بەرەبەیان دەکات کە ئاسمان تاریک و لێڵ دەبێت. بۆیە بنەمای وێنەگشتییەکە خوازەی ڕەهایە.

| |
|---|
| مانگی بەجێ ماو لە سەفەری شەو |
| زەردە لە ترسی قاسپەقاسپی کەو! [٣٣] |

لەنیوەدێڕی یەکەمدا، جوولەی شەوانەی مانگ و ئەستێرەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا، بە (سەفەر) چوێنراوە. پەیوەستیش دەربڕینی (مانگی بەجێماو)ە، چونکە مانگ سەفەر ناکات. بەمەش بنەمای وێنەکە دەبێتە خواستنی ئاشکرای بەرجەستەی پەتی). لە نیوەدێڕی دووەمدا، مانگ بە مرۆڤ چوێنراوە، هەم لەڕووی سیفەتی زەردهەڵگەران بەهۆی ترس و، هەم لەڕووی خودی ترسانەوە. بەمەش بنەمای وێنەکە بووەتە خواستنی درکاو (درکاوی بەرجەستەی پاڵێوراو). وێنە گشتییەکە لەم دێڕەدا، دیمەنی مانگەشەوە لەکاتی ئاوابووندا. دیمەنەکەش بە شێوازی وێنەیی خراوەتەڕوو. هەردوو جۆرەکەی خواستن وەک یەک بەشدارن لە وێنەکەدا.

| |
|---|
| ئەستێرەی مەغریب وەک قەترەی ئەمەل |
| کز کز ئەتکێتە ناو بەفری سەرکەل! [٣٤] |

لە نیوەدێڕی یەکەمدا، ئەستێرەی زوهرە (گەلاوێژ) ناوی نراوە ئەستێرەی مەغریب. واتە بەناوی کاتی بینرانی ئەستێرەکە ناوی نراوە. بنەمای وێنەکە دەبێتە خوازەی ژێری بەهۆی پەیوەندیی کات.

| |
|---|
| لەرێی ئەوبەری شاخ دەنگی زەنگ دێ، |
| لە شوێنی ڕاوکەر تەقەی تفەنگ دێ! [٣٥] |

لە نیوەدێڕی یەکەمدا، دەربڕینی (دەنگی زەنگ) مەبەستی ڕۆیشتنی مێگەلی مەروماڵاتە. بۆیە وێنەکە لەسەر بنەمای (درکە لە خودی شتەکە) بنیاتنراوە

| |
|---|
| وا بە تەواوی دنیا ڕووناکە، |
| هەر سیحری ڕووتە سروشت ئێستاکە! [٣٦] |

لەم وێنەیەدا، (سروشت) بە (سیحر) چوێنراوە. ڕووی لێچوونەکەش وشەی (ڕووت)ە، واتە ڕوون و ئاشکرا و بێخەوشە. ئەوزار نەهاتووە. شێوازی وێنەییش لە لێکچواندنەکەدا بەکارهاتووە. کەواتە بنەمای وێنەکە لێکچواندنی وێنەیی جەختاوی درێژە.

| |
|---|
| لە درەخت ئەدا شنەی بای سەحەر: |
| جموجووڵیەتی چەشنی سەودای سەر! [٣٧] |

لەم وێنەیەدا (درەخت) بە (سەودای سەر) چوێنراوە، (چەشنی) ئەوزارە و (جموجووڵیەتی) ڕووی لێچوونە. شێوازی وێنەییش لە لێکچواندنەکەدا بەکارهاتووە. کەواتە بنەمای وێنەکە لێکچواندنی وێنەیی تەواو (ڕەهای درێژ)ە.

| |
|---|
| لەسەر جۆگەی ئاش قاز و مراوی |
| چاوەڕێی ڕۆژن هەڵبێنێ چاوی، [٣٨] |

لە نیوەدێڕی یەکەمدا، وشەی جۆگە دراوەتە پاڵ ئاش، ڕاستییەکەی جۆگەی ئاوە و ئاشی لەپاڵ دروستکراوە. بەڵام چونکە ئاش ئەو شوێنەیە کە جۆگەکەی پێ دەناسرێتەوە، شاعیر وشەکەی لەجێی وشەی ئاو بەکارهێناوە. بەمەش بنیاتی وێنەکە بووەتە خوازەی ژێری بە پەیوەندیی شوێنی. هەر لە نیوەدێڕی یەکەمدا، وشەی (لەسەر) لەجیاتی (لەناو) بەکارهاتووە. چونکە قازو مراوی لەناو جۆگەی ئاون. وشەی (لەسەر) خوازراوە و بە پەیوەندیی شوێنی بەکارهاتووە. بەمەش هونەرەکە بووەتە خوازەی ژێری بەپەیوەندیی شوێن. لە نیوەدێڕی دووەمدا، وشەی (ڕۆژ) بە مرۆڤ چوێنراوە و وشەی مرۆڤیش نەهاتووە، بەڵام پەیوەستێکی لێ وەرگیراوە کە (هەڵبێنێ چاوی)یە. بەمەش بنیاتی وێنەکە دەبێتە خواستنی درکاو (درکاوی بەرجەستەی پاڵێوراو). وێنە گشتییەکە لەم دێڕەدا، باسی قازو مراوییە کە پێش هەڵاتنی هەتاو لەناو جۆگەی ئاون. دیمەنەکەش بە شێوازی وێنەیی خراوەتەڕوو. بۆیە هەردوو هونەری خوازەو خواستن وەک یەک بەشدارن لە بنیاتی وێنەکەدا.

| |
|---|
| بەڵام تا خوڵقی نەکا چێشتەنگاو |
| نایەتە ناو دێ پرشنگی هەتاو!  [٣٩] |

لەم وێنەیەدا، ئەگەر وشەی (خوڵق) بە واتای وشەی (خەلق)ی عەرەبی هاتبێت، ئەوا کرداری دروستکردنی تیشکی هەتاو خراوەتەپاڵ چێشتەنگاو. ڕاستییەکەشی تیشکی هەتاو لەگەڵ دەرکەوتنی هەتاو دەردەکەوێت و هەموویان دروستکراوی خودان، پەیوەندیی چێشتەنگاو لەگەڵ تیشکی هەتاودا، پەیوەندیی کاتە، ئەویش چونکە بەهۆی شاخی بەرزەوە، تا کاتی چێشتەنگاو، تیشکی هەتاو ناگاتە ناو لادێ. بەمەش بنیاتی وێنەکە دەبێتە خوازەی ژێری بە پەیوەندیی کات. لە نیوەدێڕی دووەمدا، تیشکی هەتاو بە مرۆڤ، یان بە گیانلەبەرێک چوێنراوە کە توانای ڕۆیشتنی هەبێت، بەهۆی پەیوەستی (خەلق کران و هاتنەناودێ). کەوایە وێنەکە لەسەر بنەمای خواستنی درکاو (درکاوی بەرجەستەی پاڵپێوراو) بنیاتنراوە. وێنە گشتییەکە لەم دێڕەدا دیمەنی تیشکی ڕۆژە کە لەپشت لووتکەی شاخەوە دێتە ناو لادێ. بەمەش بنەمای وێنەکە دەبێتە خواستنی درکاو.

| |
|---|
| بنچینەی مزگەوت نیشتۆتە ناو چەمر، |
| ڕوو بەرەو قیبلە، پشت لە جەهەنەمر!  [٤٠] |

لە کۆی ئەم دێڕەدا، شاعیر مزگەوتی بە مرۆڤ چواندووە کە ڕووی لە قیبلەیەو پشتی لە جەهەننەمە. بەڵام باسی مرۆڤی نەکردووە. بۆیە خواستنی درکاو (درکاوی بەرجەستەی پاڵپێوراو) بنچینەی وێنە هونەرییەکەیە. لە نیوەدێڕی دووەمدا، شاعیر دەربڕینی (پشت لە جەهەنەمر)ی هێناوە، ڕاستییەکەی شوێنی جەهەنەمر دیار نییە تا بڵێین ڕوومان لە جەهەنەمە یان پشت. بەڵام شاعیر بۆئەوە هێناویەتییەوە پێمان بڵێت کە کەسێک ڕووی لە قیبلەو خواپەرستی بێت، ئەوا پشتی لە خراپەیە، بەمەش لەداهاتوودا لەجەنەمر دووردەکەوێتەوە. بەمەش بناغەی ئەو وێنەیە دەبێتە خوازەی ڕەها بەپەیوەندیی داهاتوویی (إعتبار ما یکون). لەهەمان نیوەدێڕدا، وشەی (پشت) بە مانای (دوورکەوتنەوەو وازهێنان) هاتووە. بەمەش بنچینەی وێنەکە دەبێتە خوازەی ژێری بە پەیوەندیی (پەیوەستێکی کار) کە (پشت تێکردن)ە  و پەیوەستی کاری (وازلێهێنان و دوورکەوتنەوە)یە. وێنەگشتییەکەی ئەم دێڕە، دیمەنی مزگەوتە کە وەک مرۆڤ بۆ خواپەرستی ڕووی لە قیبلەیە. دیمەنەکەش بە شێوازی وێنەیی خراوەتەڕوو. بۆیە بنەمای وێنەگە بەگشتی، خواستنی درکاوە.

| |
|---|
| مزگەوتی کاتی چێشتەنگاوی چۆڵ: |
| وەک مردوو کفنی بێدەنگی بە کۆڵ!   [٤١] |

لەم وێنەیەدا (مزگەوتی چۆڵ) بە (مردوو) چوێنراوە، (وەک) ئەوزارەو، (کفنی بێدەنگی بەکۆڵ) ڕووی لێچوونە. شێوازی وێنەیی لە دەربڕینەکەدا بەکارهاتووە. بۆیە بنچینەی وێنەکە دەبێتە لێکچواندنی وێنەیی تەواو (ڕەهای درێژە).

| |
|---|
| سوورەچناری لق و پۆپ درێژ |
| سێبەر ئەکا بۆ خەوی بەردەنوێژ!  [٤٢] |

لە نیوەدێڕی دووەمدا، وشەی (خەو) خراوەتە پاڵ بەردەنوێژ، بەڵام ڕاستییەکەی خەو هی مرۆڤە و بەردەنوێژ شوێنی خەوتنەکەیە. بۆیە بنەمای ئەم وێنەیە خوازەی ژێرییە بە پەیوەندیی شوێنی.

| |
|---|
| جارجار ئیمامی تەنیای گۆشەی حەوز: |
| سەرسنگ ماچ ئەکا ڕیشی بە وەنەوز!  [٤٣] |

لە نیوەدێڕی یەکەمدا، (ئیمام) دراوەتە پاڵ گۆشەی حەوز، ڕاستییەکەی ئیمام پێشنوێژی خەڵکە، بەڵام شوێنی دانیشتنەکەی لەم دیمەنەدا گۆشەی حەوزە. بۆیە هونەرەکە خوازەی ژێرییە بە پەیوەندیی شوێنی. لە نیوەدێڕی دووەمدا، وشەی (ڕیش) بە مرۆڤ چوێنراوە، پەیوەستەکەشی (ماچکردنی سەرسنگ) و (وەنەوز)ە. بەڵام وشەی (مرۆڤ) باس نەکراوە. بۆیە هونەرەکە خواستنی درکاوە (درکاوی بەرجەستەی پاڵپێوراو). وێنەگشتییەکەی ئەم دێڕە، باسی ئیمامی مزگەوتە کە وەنەوز دەیگرێت و سەری شۆڕدەبێتەوە و ڕیشی بەسینگییەوە دەنووسێت. دیمەنەکەش بە شێوازی وێنەیی خراوەتەڕوو. بۆیە بنەمای وێنەکە خوازەی ژێرییە.

| |
|---|
| کەسێک بانگ ئەدا، ئەشڵەقێنێ گۆمر، |
| ئیمام هەڵدەستێ: دار بە دەست، پشت کۆمر!  [٤٤] |

لە دێڕی یەکەمدا، دەربڕینی (ئەشڵەقێنێ گۆمر) وەک دەربڕینێکی خوازەیی هاتووە، ناتوانین بڵێین درکەیە، چونکە واتا نزیکەکەی مەبەست نییە. شاعیر لەم دیمەنەدا بێدەنگیی پێش نیوەڕۆی ناو گوندی بە گۆمێکی مەنگ چواندووە، کە بانگبێژ بانگدەدا ئیتر خەڵکی لەماڵ دێنەدەرەوە بەرەو مزگەوت، ئەمەش وەک ئەوە وایە گۆمێکی مەنگ بشڵەقێنیت. لێچوو (گوند)ەو نەهاتووە، بۆیە هونەرەکە

دەبێتە خواستنی ئاشکرا (ئاشکرای بەرجەستەی پاڵێوراو)، هەروەها لێرەدا خواستنەکە بەشێوازی وێنە خراوەتەروو، بۆیە دەبێتە خواستنی وێنەیی ئاشکرای بەرجەستەی پاڵێوراو.

| |
|---|
| تا تەواو ئەبێ (ئەڵڵاهو ئەکبەر) |
| پەنگ ئەخواتەوە لافاوی نوێژکەر [٤٥] |

لە نیوەدێڕی دووەمدا، وشەی (لافاو) لەجێی وشەی (کۆمەڵ) بەکارهاتووە. دیارە کە نوێژکەران بە کۆمەڵ کۆدەبنەوە، واتە کۆمەڵی نوێژکەرانی بە لافاو چواندووە کە بەجارێک ڕوودەکەنە مزگەوت. لەوچوو (لافاو) دەرکەوتووە و لێچوو (کۆمەڵ) دەرنەکەوتووە، دیمەنەکەش لەشێوەی وێنەیی خراوەتەڕوو. بۆیە بنچینەی ئەم وێنەیە دەبێتە: خواستنی وێنەیی ئاشکرای بەرجەستەی پاڵێوراو.

| |
|---|
| نوێژ بەتاڵ ئەبێ، جەماعەت بڵاو، |
| چەن پیرێک ئەبن بە خڵتەی لافاو: [٤٦] |

لە نیوەدێڕی دووەمدا، بەیەکەوە ڕاوەستانی پیرەمێردان لەدوای نوێژ، بە خڵتەی دوای لافاو چوێنراوە. لێچوو (وەستانی پیرەکان) نەهاتووە، لەوچوو (خڵتەی لافاو) هاتووە. دیمەنەکە بە شێوەی وێنەیی خراوەتەڕوو، بۆیە بنەمای وێنەکە خواستنی وێنەیی ئاشکرای بەرجەستەی پەتییە.

| |
|---|
| سووچێک گەرم ئەکەن بە ڕازی جوانی، |
| ئاخ بە با ئەدەن بۆ دنیای فانی! [٤٧] |

لە نیوەدێڕی یەکەمدا، دەربڕینی (گەرم ئەکەن) لەجیاتی (ئاوەدان دەکەنەوە) هاتووە. دیارە کە لەڕووی پلەی گەرمییەوە، لە وەرزی سەرمادا شوێنی چۆڵ ساردەو شوێنی ئاوەدان گەرمە. ئیتر وشەی (گەرمکردن) بووەتە پەیوەستی ئاوەدانی. بۆیە هونەرەکە دەبێتە خوازەی ڕەها بە پەیوەندیی پەیوەستێتی. هەر لە نیوەدێڕی یەکەمدا، گەرمکردنی سووچێکی مزگەوت بە کۆبوونەوەی پیرەکانە نەک بە ڕازی جوانی، بەڵام ڕازی جوانی ئەو هۆکارەیە کە بۆی کۆبوونەتەوە، ئەم هونەرەش دەبێتە خوازەی ڕەها بە پەیوەندیی هۆکارێتی. لە نیوەدێڕی دووەمدا، (ئاخ بەبا ئەدەن) بۆ گوزارشتکردن لە (پەشیمانی) هاتووە. بەڵام ناتوانین بڵێین درکەیە، چونکە واتا نزیکەکەی ڕێی تێناچێت و (ئاخ) بەبا نادرێت. لە کۆمەڵگەی کشتیاریدا، کە دروێنە دەکرێت، دەغڵەکە بە جەنجەڕ گێرەدەکەن بۆئەوەی چەڵتووک و قەسەرەکەی دابماڵێت. دواتر بەبای دەکەن تا ئەو خەوشانە لە دەغڵە جیابېنەوە. شاعیر کۆبوونەوەو قسەکردنی پیرەکانی بەم دیمەنە چواندووە، ئەوانیش باسی ژیانی ڕابردوویان دەکەن و بۆ ئەو شتانەی کە مایەی پەشیمانین و ئاخیان لەگەڵە، ئەو ئاخە بەبا دەدەن. بەم چەشنە لێچوو (پەشیمانی دەربڕین) نەهاتووە و لەوچوو (بەبادان) هاتووە. بۆیە هونەرەکە دەبێتە خواستنی وێنەیی ئاشکرای ڕامانیی پاڵێوراوە. دیمەنی گشتی دێڕەکە، چەند پیرێکن لە سووچێکی مزگەوت، قسەدەکەن و جارجارە ئاخ هەڵدەکێشن. هەردوو هونەری خوازەو خواستن وەک یەک بەشدارن لە بنیاتەکەیدا

| |
|---|
| سەرچاوەی ئاوێک: کەڵەکێک لە سەر: |
| ژنێک تێی ئەچێ، ژنێک دێتەدەر [٤٨] |
| ئەمەش لە دێدا کانیی ژنانە، |
| قیبلەی دڵداریی هەرزەکارانە! [٤٩] |

لە نیوەی دووەمی دێڕی ژمارە (٤٩) دا، وشەی (قیبلە) خراوەتە پاڵ دڵداری. دیارە کە قیبلە ڕووگەی نوێژە و نوێژ بەبێ ڕووکردنە قیبلە ئەنجام نادرێت. لێرەدا شاعیر (دڵداری)ی لە (نوێژ) چواندووە کە بەبێ قیبلە ئەنجام نادرێت. وشەی نوێژ، کە لەوچووە، نەهاتووە. بەڵام پەیوەستی (قیبلە)ی لێ وەرگیراوە. بۆیە هونەرەکە دەبێتە خواستنی درکاوی ڕامانیی پاڵێوراو. ئینجا لە کۆی دێڕەکەدا، (کانیی ژنان) ی بە (قیبلەی دڵداری) چواندووە. ئەوزار و ڕووی لێچوون نەهاتوون. ئەم هونەرەش لێکچواندنی وێنەیی ڕەوانە (جەختاوی پوختە). دیمەنە گشتییەکە لەم دێڕەدا باسی کانی ژنانە کە بۆ دڵداریی هەرزەکاران وەک قیبلەی نوێژ وایە، هەردەم ڕووی تێدەکەن. بەمەش بنەمای وێنەکە دەبێتە لێکچواندنی وێنەیی ڕەوان.

| |
|---|
| ئێواران پۆل پۆل لاوی کاکۆڵ لوول، |
| سەرەڕێ ئەگرن، سەرگەرم و عەجوول، [٥٠] |
| هەرچەن هاڕەی دێ هەیاسەی جوانێک، |
| لە هێلانەی دەم ئەفڕێ: ئامانێک! [٥١] |

لە نیوەی دووەمی دێڕی ژمارە (٥١)دا، وشەی (دەمر) بە (هێلانە) چوێنراوە. ئەوزار نەهاتووە، ڕووی لێچوون (فڕینی شتێک)ە لە هەردووکیانەوە. شێوازی دەربڕینەکە وێنەییە. بۆیە هونەرەکە دەبێتە لێکچواندنی جەختاوی درێژە. هەر لە نیوەدێڕی دووەمدا، وشەی (ئامان) بە (باڵندە) چوێنراوە کە لەگەڵ هاڕەی هەیاسەدا دەفڕێت. بەڵام وشەی (باڵندە) کە لەوچووە، نەهاتووە. ئەم هونەرەش دەبێتە خواستنی درکاوی ڕامانیی پاڵێوراوە. دیمەنی گشتیی لەدێڕەکەدا، لاوانی سەر ڕێگان کە کچێک دەبینن تێدەپەڕێت و خشڵەکانی هاڕەو زرینگەیان دێت، ئامانێک بەسەر زاریاندا دێت. بۆیە وێنەی فڕینی باڵندە زاڵە بەسەر دیمەنەکەدا، بەمەش بنەمای وێنە گشتییەکە دەبێتە خواستنی درکاو.

| |
|---|
| ژنی هەورامان: سەرتاپای خشڵ، |
| سەرچاوەی بۆنی مێخەک و سمڵ، [٥٢] |

لە نیوەدێڕێ یەکەمدا، وشەی (سەرتاپا) لەجێی بەشێکی لەشی ژن بەکارهاتووە کە خشڵی پێوە دەکرێت. بەمەش وێنەکە لەسەر بنەمای خوازەی ڕەها و پەیوەندیی گشتی بنیاتنراوە.

| |
|---|
| تا بڵێی تەڕپۆش، ئاڵ و واڵا جل، |
| بەژن و باڵا جوان، بەدەن نەرم و شل! [٥٣] |
| نیونیگای: خەندەی ئەستێرەی ئەمەل، |
| نەغمەی گفتوگۆی وەک جریوەی مەل! [٥٤] |

لە نیوەی یەکەمی دێڕی ژمارە (٥٤)دا، وشەی (نیونیگا) بە (خەندەی ئەستێرەی ئەمەل) چوێنراوە. ئەوزار و ڕووی لێچوون نەهاتوون. هونەرەکە دەبێتە لێکچواندنی ڕەوان (جەختاوی پوختە). لە نیوەدێڕی دووەمدا، وشەی (خەندە) دراوەتە پاڵ (ئەستێرەی ئەمەل)، بەمەش (ئەستێرە) بە (مرۆڤ) چوێنراوە، بەڵام وشەی (مرۆڤ) کە لەوچووە، دەرنەکەوتووە، پەیوەستێکی لێوەرگیراوە کە وشەی (خەندە)یە. بەمەش هونەرەکە دەبێتە خواستنی درکاوی بەرجەستەی پاڵێوراو. هەر لەم نیوەدێڕەدا، (چاو) بە (ئەستێرە) چوێنراوە، لێچوو (چاو) دەرنەکەوتووە، بەڵام بە پەیوەستی (نیونیگا) دەزانرێت باسی چاوە. لەوچوو (ئەستێرە) هاتووە. ئەم هونەرەش دەبێتە خواستنی ئاشکرای بەرجەستەی پەتی. لە نیوەدێڕی دووەمدا، دەنگی گفتوگۆی مرۆڤ لە نەغمەی مۆسیقا چوێنراوە، وشەی مۆسیقا نەهاتووە، بەڵام پەیوەستی (نەغمە)ی لێ وەرگیراوە. ئەم هونەرە دەبێتە خواستنی ئاشکرای بەرجەستەی پاڵێوراو. هەر لەنیوەدێڕی دووەمدا، (نەغمەی گفتوگۆ) بە (جریوەی مەل) چوێنراوە. وشەی (وەک) ئەوزارە، ڕووی لێچوون وشەی (نەغمە)یە. هونەرەکە لێکچواندنی تەواوە (ڕەهای درێژە). دیمەنی گشتیی لەدێڕەکەدا، وەسفی نیگاو ئاوازی دەنگی ژنە، ئەمانەش بەهۆی لێکچواندنەوە خراونەتەڕوو. بۆیە وێنە گشتییەکە لەسەر بنەمای لێکچواندنی ئاسایی خراوەتەڕوو.

| |
|---|
| ژینی: بەهاری عەشق و جوانی! |
| جیلوەگای حوسنی: ڕێی باخ و کانی! [٥٥] |

لە نیوەدێڕی یەکەمدا، وشەی (ژین) بە (بەهار) چوێنراوە. ئەوزار نەهاتووە. ڕووی لێچوون (عەشق و جوانی)یە. بنەمای وێنەکە لێکچواندنی جەختاوی درێژەیە. لە نیوەدێڕی دووەمدا، (جیلوەگای حوسن)ی بە (ڕێی باخ و کانی) چوێنراوە، ڕووی لێچوون و ئەوزار نەهاتوون. بنەمای وێنەکە لێکچواندنی ڕەوانە.

| |
|---|
| عەشقی ئێوارەی سەرەڕێی کانی، |
| بەر ئەداتە چەم کڵپەی گۆرانی! [٥٦] |

لەنیوەی یەکەمی دێڕی ژمارە (٥٦)دا، وشەی (عەشق) خراوەتە پاڵ وشەی ئێوارە. ڕاستییەکەی عەشق هی مرۆڤەکانە، ئێوارەش ئەو کاتەیە کە گوزارشت لە خۆشەویستییەکەیان دەکەن بۆ یارەکانیان. بۆیە هونەرەکە خوازەی ژیرییە بە پەیوەندیی کات. لە نیوەدێڕی دووەمدا، وشەی (گۆرانی) بە ئاگر چوێنراوە. وشەی (ئاگر) کە لەوچووە نەهاتووە، بەڵام دوو پەیوەستی لێ وەرگیراوە کە (بەرئەداتە چەم) و (کڵپە)یە. بەم شێوەیە هونەرەکە خواستنی درکاوی بەرجەستەی پاڵێوراوە. لە نیوەدێڕی دووەمدا، کاری (بەرئەداتە چەم) هەیەو دراوەتە پاڵ (عەشق). واتە عەشقی ئێوارە گۆرانی دەڵێت و بەم گۆرانییەش چەمەکە ئاگر تێبەردەدات. بەڵام ڕاستییەکەی بکەری گۆرانی گوتنەکە عاشقەکانن نەك خودی عەشق. عەشق هۆکاری سەرهەڵدانی گۆرانییەکانە. بۆیە ئەم هونەرەش خوازەی ژیرییە بە پەیوەندیی هۆکارێتی. کۆی دیمەنەکە، باسی گۆرانی گوتنی لاوانی سەرەڕێی کانییە، کە بەعەشقەوە ئاواز دەچڕن. دیمەنەکەش بە شێوازی وێنەیی خراوەتەڕوو. بنیاتی وێنە گشتییەکە خوازەی ژیرییە.

| |
|---|
| ڕۆژ ئاوا ئەبێ، چەم تاریک دایە، |

| |
|---|
| دەنگی ( کنا لەیل ) هەر دوایی نایە [٥٧] |

لە نیوەدێڕی دووەمدا، مەبەست لە (دەنگی کنا لەیل) دەنگی لاوە عاشقەکانە کە لەشوێنی دیداردا بانگی یارەکانیان دەکەن. بەڵام لەهەمان کاتدا خودی دەنگەکەش و دەربڕینی (کنا لەیل)یش هەر مەبەستن. واتە: واتا نزیکەکەو واتا دوورەکەش مەبەستن. بۆیە ئەم هونەرە درکەیە لە خودی شتەکە.

| |
|---|
| مانگ بە تریفەی ناودێ ئەکا کەیل، |
| هێشتا هەر گەرمە ناڵەی ( کنا لەیل ) [٥٨] |

لە نیوەدێڕی دووەمد، وشەی (ناڵە) بە ئاگرو پشکۆ چوێنراوە، پشکۆیەک کە لە دڵی عاشقدا دەدرەوشێتەوە، وشەی (گەرم) پەیوەستی ئەم واتایەیە، کە ئاگر تەواو دەبێت، پشکۆ تا ماوەیەکی زۆر لەژێر خۆڵەمێشدا هەر بەگەرمی دەمێنیتەوە. واتە لێچوو دەرکەوتووە و لەوچوو دەرنەکەوتووە. دیمەنەکەش بە شێوازی وێنەیی خراوەتەڕوو. بۆیە بنیاتی وێنەکە خواستنی درکاوی بەرجەستەی پاڵێوراوە.

| |
|---|
| ( سیاچەمانە... سیاچەمانە... ) |
| بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە! [٥٩] |

لە نیوەدێڕی دووەمدا، (هاتەدیی ئاواتەکان) وشەی (بەهەشت) ی بۆ بەکارهاتووە. ئەمەش چونکە بەهەشت شوێنی هاتەدیی ئاواتەکانە. جا لێرەدا، هەورامان شوێنی هاتەدیی ئاواتەکانی عەشقەو بە (بەهەشتی عەشق) گوزارشتی لێکراوە. بۆیە بنچینەی وێنەکە خوازەی ژیرییە بە پەیوەندیی شوێنی.

| |
|---|
| ئەوەندەی دار و بەردی هەورامان، |
| ڕەحمەت لە ژنی بەژن و باڵا جوان! [٦٠] |
| ( سیاچەمانە... سیاچەمانە... ) |
| هەورامان جێگای سیاچەمانە! [٦١] |

## 3.2 خستنەڕووی داتاکان و خوێندنەوەیان:

خشتەی ژمارە (١): بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕوونبێژی لە شیعرەکەدا بەپێی ژمارەی دێڕەکان:

| هونەری ڕوونبێژی | جۆری هونەرەکە / جۆری پەیوەندی | زنجیرەی دێڕ |
|---|---|---|
| خوازەی ڕەها | گشتی | ٥٢ |
| خوازەی ڕەها | پێویستێتی | ١٧ |
| خوازەی ڕەها | پێویستێتی | ٣٢ |
| خوازەی ڕەها | پەیوەستێتی | ٢٤ |
| خوازەی ڕەها | پەیوەستێتی | ٤٧ |
| خوازەی ڕەها | داهاتوویی | ٤٠ |
| خوازەی ڕەها | ڕابردوویی | ٣١ |
| خوازەی ڕەها | ئامرازێتی | ٢٦ |
| خوازەی ڕەها | ئامرازێتی | ٣٠ |
| خوازەی ڕەها | هۆکارێتی | ٤٧ |
| خوازەی ژیری | شوێن | ٣ |
| خوازەی ژیری | شوێن | ٩ |
| خوازەی ژیری | شوێن | ١٠ |
| خوازەی ژیری | شوێن | ٣٨ |
| خوازەی ژیری | شوێن | ٣٩ |
| خوازەی ژیری | شوێن | ٤٢ |

| هونەری ڕوونبێژی | جۆری هونەرەکە / جۆری پەیوەندی | زنجیرەی دێڕ |
|---|---|---|
| خوازەی ژیری | شوێن | ٤٣ |
| خوازەی ژیری | شوێن | ٥٩ |
| خوازەی ژیری | پەیوەستی کار | ٤٠ |
| خوازەی ژیری | کات | ٤ |
| خوازەی ژیری | کات | ٦ |
| خوازەی ژیری | کات | ٢٨ |
| خوازەی ژیری | کات | ٣٤ |
| خوازەی ژیری | کات | ٣٩ |
| خوازەی ژیری | کات | ٥٦ |
| خوازەی ژیری | هۆکارێتی | ٤ |
| خوازەی ژیری | هۆکارێتی | ٥ |
| خوازەی ژیری | هۆکارێتی | ٣٢ |
| خوازەی ژیری | هۆکارێتی | ٥٦ |
| خواستنی ئاشکرا | وێنەیی بەرجەستەی پەتی | ٣٣ |
| خواستنی ئاشکرا | وێنەیی بەرجەستەی پاڵێوراو | ٤٤ |
| خواستنی ئاشکرا | وێنەیی بەرجەستەی پاڵێوراو | ٤٥ |
| خواستنی ئاشکرا | وێنەیی بەرجەستەی پەتی | ٤٦ |
| خواستنی ئاشکرا | وێنەیی ڕامانیی پاڵێوراو | ٤٧ |
| خواستنی ئاشکرا | بەرجەستەی پەتی | ٥٤ |
| خواستنی ئاشکرا | بەرجەستەی پاڵێوراو | ٥٤ |
| خواستنی درکاو | وێنەیی بەرجەستەی پاڵێوراو | ١ |
| خواستنی درکاو | بەرجەستەی پاڵێوراو | ٤ |
| خواستنی درکاو | وێنەیی بەرجەستەی پاڵێوراو | ٥ |
| خواستنی درکاو | بەرجەستەی پاڵێوراو | ٦ |
| خواستنی درکاو | وێنەیی بەرجەستەی پەتی | ٩ |
| خواستنی درکاو | وێنەیی ڕامانیی پاڵێوراو | ٣١ |
| خواستنی درکاو | وێنەیی بەرجەستەی پاڵێوراو | ٣٣ |
| خواستنی درکاو | وێنەیی بەرجەستەی پاڵێوراو | ٣٨ |
| خواستنی درکاو | بەرجەستەی پاڵێوراو | ٣٩ |
| خواستنی درکاو | وێنەیی بەرجەستەی پاڵێوراو | ٤٠ |
| خواستنی درکاو | وێنەیی بەرجەستەی پاڵێوراو | ٤٣ |
| خواستنی درکاو | ڕامانیی پاڵێوراو | ٤٩ |
| خواستنی درکاو | ڕامانیی پاڵێوراو | ٥١ |
| خواستنی درکاو | بەرجەستەی پاڵێوراو | ٥٤ |
| خواستنی درکاو | وێنەیی بەرجەستەی پاڵێوراو | ٥٦ |
| خواستنی درکاو | وێنەیی بەرجەستەی پاڵێوراو | ٥٨ |
| لێکچواندن | وێنەیی تەواو | ١٤ |
| لێکچواندن | وێنەیی تەواو | ١٧ |

| هونەری ڕوونبێژی | جۆری هونەرەکە / جۆری پەیوەندی | زنجیرەی دێڕ |
|---|---|---|
| لێکچواندن | وێنەیی تەواو | ٣٧ |
| لێکچواندن | وێنەیی تەواو | ٤١ |
| لێکچواندن | وێنەیی جەختاو | ٢ |
| لێکچواندن | وێنەیی جەختاو | ٨ |
| لێکچواندن | وێنەیی جەختاوی درێژە | ٣٦ |
| لێکچواندن | وێنەیی ڕەوان | ٤ |
| لێکچواندن | وێنەیی ڕەوان | ٧ |
| لێکچواندن | وێنەیی ڕەوان | ١٢ |
| لێکچواندن | وێنەیی ڕەوان | ١٥ |
| لێکچواندن | وێنەیی ڕەوان | ٣٠ |
| لێکچواندن | وێنەیی ڕەوان | ٤٩ |
| لێکچواندن | ئاسایی تەواو | ٢٦ |
| لێکچواندن | ئاسایی تەواو | ٥٤ |
| لێکچواندن | ئاسایی جەختاوی درێژە | ٥١ |
| لێکچواندن | ئاسایی جەختاوی درێژە | ٥٥ |
| لێکچواندن | ئاسایی ڕەوان | ٢٧ |
| لێکچواندن | ئاسایی ڕەوان | ٥٤ |
| لێکچواندن | ئاسایی ڕەوان | ٥٥ |
| درکە | لە سیفەتدا | ٢٢ |
| درکە | لە خودی شتەکە | ٣٥ |
| درکە | لە خودی شتەکە | ٥٧ |

**تێبینی: لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە:**

1. لە کۆی (61)دێڕی شیعرەکەدا، لە (٤٨) دێڕدا هونەری ڕوونبێژی بەکارهاتووە. ئەمەش دەکاتە (78.6 %) ی دێڕەکانی شیعرەکە.
2. (10) دێڕی هۆنراوەکە، بەبێ بەکارهێنانی ڕوونبێژی وێنەی شیعریان تێدا دروستکراوە، ئەمەش دەکاتە (١٦.3 %)ی دێڕەکانی شیعرەکە. ئەوانیش دێڕەکانی (١٣, ١٨, ١٩, ٢٠, ٢١, ٢٣, ٢٥, ٤٨, ٥٠, ٥٣) ن.
3. (3) دێڕی شیعرەکە وێنەی شیعریان تێدا نییە. ئەوانیش دێڕەکانی (١١, ٦٠, ٦١) ن.

**خشتەی ژمارە (٢): ژمارەی دووبارەبوونەوەی هونەرەکانی ڕوونبێژی لە دەقەکەدا بەپێی زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (١).**

| هونەری ڕوونبێژی | جۆری هونەرەکە | ژمارەی دووبارەبوونەوەی |
|---|---|---|
| هونەرەکانی خوازە (٥٢) جار بەکارهاتوون | خوازەی ژیری | ١٩ |
| | خوازەی ڕەها | ١٠ |
| | خواستنی ئاشکرا | ٧ |
| | خواستنی درکاو | ١٦ |
| لێکچواندن (٢٠) جار بەکارهاتووە | وێنەیی | ١٣ |
| | ئاسایی | ٧ |
| درکە (٣) جار بەکارهاتووە | لە سیفەت | ١ |
| | لەخودی شتەکە | ٢ |

**شیکردنەوەی داتاکانی خشتەی ژمارە (٢):**

1. هونەری خوازە بەگشتی (52) جار بەکارهاتووە. لەبەرانبەردا هونەری لێکچواندن (٢٠) بیست جار بەکارهاتووە. ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە چۆن گۆرانی شاعیر لەڕووی تەکنیکییەوە هەوڵی داوە گۆڕانکاریی هونەری لە شیعری سەردەمی خۆیدا بەرپا بکات و، هەر لە هەناوی ڕەوانبێژیی کلاسیکیدا، نوێکاریی خوڵقاندووە. چونکە هونەری لێکچواندن هونەری خوڵقاندنی جوانییە بەڵام بە خۆپارێزییەوە، واتە سنوورەکانی ڕوانینی عەقڵ و لۆجیک کەمتر دەبەزێنێت لەچاو خوازە، کەچی خوازە لەبنەڕەتەوە لادانە لە ڕوانینە عەقڵانییەکان بۆ واتای شیعری.
2. خواستنی درکاو (16) جار بەکارهاتووە، لەبەرانبەردا خواستنی ئاشکرا (7) جار بەکارهاتووە. دەریدەخات کە دەقی شیعرەکە بەڕوونی بەرەو زمانێکی چڕی شیعر هەنگاوی ناوە، چونکە خواستنی درکاو پێویستی بە وردبوونەوەی زیاترە لەچاو خواستنی ئاشکرا بۆئەوەی پەیوەندیی نێوان لێخوازراو و بۆخوازراوەکەی دەربکەوێت.
3. درکە بەهەمووی (3)جار بەکارهاتووە. لەگەڵ ئەوەی درکە لە هونەری خوازەوە نزیکە، بەڵام لێکدانەوەی ئەرکێکی زیاتری پێویستە. بۆیە شاعیر کەمتر بەکاری هێناوە تا زمانی دەقەکە بەپێی توانا بە سادەیی بهێڵێتەوە.

**خشتەی ژمارە (٣): بەکارهێنانی خواستن و جۆرەکانی لە دەقەکەدا، بەپێی زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (١):**

<table dir="rtl">
<tr><th colspan="3">جۆری خواستن</th><th>دووبارەبوونەوەی بەکارهێنانی</th><th>جۆری خواستن بەپێی تایبەتمەندییەکانی</th><th>دووبارەبوونەوەی بەکارهێنانی</th></tr>
<tr><td rowspan="10">خواستن</td><td rowspan="5">درکاو</td><td rowspan="3">وێنەیی</td><td rowspan="3">١٠</td><td>بەرجەستەی پاڵێوراو</td><td>٧</td></tr>
<tr><td>بەرجەستەی پەتی</td><td>١</td></tr>
<tr><td>ڕامانیی پاڵێوراو</td><td>٢</td></tr>
<tr><td rowspan="2">ئاسایی</td><td rowspan="2">٦</td><td>بەرجەستەی پاڵێوراو</td><td>٤</td></tr>
<tr><td>ڕامانیی پاڵێوراو</td><td>٢</td></tr>
<tr><td rowspan="5">ئاشکرا</td><td rowspan="3">وێنەیی</td><td rowspan="3">٥</td><td>بەرجەستەی پەتی</td><td>٢</td></tr>
<tr><td>بەرجەستەی پاڵێوراو</td><td>٢</td></tr>
<tr><td>ڕامانیی پاڵێوراو</td><td>١</td></tr>
<tr><td rowspan="2">ئاسایی</td><td rowspan="2">٢</td><td>بەرجەستەی پەتی</td><td>١</td></tr>
<tr><td>بەرجەستەی پاڵێوراو</td><td>١</td></tr>
<tr><td colspan="5">کۆی خواستنەکان</td><td>٢٣</td></tr>
</table>

**شیکردنەوەی داتاکانی خشتەی ژمارە (٣):**

1. خواستنی بەرجەستە (١٨) بەکارهێنانی هەیە دەکاتە ( ٧٨ %)ی خواستنەکان، لەبەرانبەردا خواستنی ڕامانی (٥) بەکارهێنانی هەیە، دەکاتە (٢٢ %)ی خواستنەکان. واتە: لە زۆرینەی خواستنەکاندا، بۆخوازراو بەرجەستەیە و لە کەمێکیدا بۆخوازراو ڕامانییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆران هەوڵیداوە کەرستەی (خواستن) لە شتە بەرجەستەو ماددییەکانی ژیانی خەڵکەوە وەربگرێت، یان لەو وشانە وەربگرێت کە گوزارشت لە بیری ڕوون و ئاشکرا دەکەن تا بەئاسانی پەی ببرێت.
2. خواستنی پاڵێوراو (١٩) بەکارهێنانی هەیە دەکاتە (82.6 %)، لەبەرانبەردا خواستنی پەتی (٤) بەکارهێنانی هەیە دەکاتە (17.3 %). واتە لە زۆرینەی خواستنەکاندا، گونجانێکی واتایی خواستنەکەی بۆلای لێخوازراو ڕاکێشاوە و واتای لێخوازراوی زاڵتر کردووە. بەڵام لە کەمێکی خواستنەکاندا، گونجانە واتاییەکە خواستنەکەی بۆلای بۆخوازراو ڕاکێشاوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زۆرینەی خواستنەکان بەتەواوی بۆ واتا دوورەکانیان بەکارهاتوون و کەمێکیان لەواتا بنچینەییەکەیانەوە نزیکترن.
3. خواستنە وێنەییەکان (١٥) بەکارهێنانیان هەیە دەکاتە (65 %)، لەبەرانبەردا خواستنە ئاساییەکان (8) بەکارهێنانیان هەیە دەکاتە (35 %). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت: گۆران بەڕادەیەکی زۆر خۆی لە بەکارهێنانی لاساییانەی هونەری ڕەوانبێژی دوورخستووەتەوەو، هونەرەکەی لە بۆتەی داهێنکاریی زیاتردا بەکارهێناوە.

4. خواستنی درکاو (١٦) بەکارهێنانی هەیە دەکاتە (69.5 %)، لەبەرانبەردا خواستنی ئاشکرا (7) بەکارهێنانی هەیە دەکاتە (30.5 %). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆران هەوڵیداوە بواری هەوڵی لێکدانەوەی ژیریی خوێنەر بەکارایی بهێڵێتەوە. چونکە: ڕاستە خواستنی ئاشکرا بەتەواوی بۆخوازراو بە لێخوازراو دەگەیەنێت و لەڕووی واتاوە جوانییەکی بەرزی پێدەبەخشێت، بەڵام خواستنی درکاو لەپاڵ بەهێزکردن و جوانکردنی بۆخوازراودا (بەهۆی پەیوەستی لێخوازراوەوە)، واتای نزیک ناداتەدەست و پێویستی بە ژیریی خوێنەرە بۆ واتاکەی بگەڕێت. ئەمەش ڕادەی بەرزیی شیعرێتیی دەقەکە زیاتر دەکات.

**خشتەی ژمارە (٤) بەکارهێنانی لێکچواندن و جۆرەکانی لە دەقەکەدا، بەپێی زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (١):**

| هونەری ڕوونبێژی | جۆرەکەی | ژمارەی دووبارەبوونەوەی | جۆری لێکچواندن بەپێی تایبەتمەندییەکانی | ژمارەی دووبارەبوونەوەی |
|---|---|---|---|---|
| لێکچواندن | وێنەیی | ١٣ | تەواو | ٥ |
| | | | ڕەوان | ٥ |
| | | | جەختاو | ٢ |
| | | | جەختاو ی درێژە | ١ |
| | ئاسایی | ٧ | تەواو | ٢ |
| | | | ڕەوان | ٣ |
| | | | جەختاوی درێژە | ٢ |
| | کۆی لێکچواندنەکان | | | ٢٠ |


**شیکردنەوەی داتاکانی خشتەی ژمارە (٤):**

1. لێکچواندنی وێنەیی (١٣) جار بەکارهاتووە دەکاتە (٦٥ %)، لەبەرانبەردا لێکچواندنی ئاسایی (7) جار بەکارهاتووە دەکاتە (٣٥ %). ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە گۆران لەپاڵ بەکارهێنانی ڕەوانبێژیدا گرنگیی بە دەربڕینی وێنەیی داوە و تا توانیبێتی خۆی لە بەکارهێنانی سواو پاراستووە.
2. لێکچواندنی ڕەوان و جەختاو و جەختاوی درێژە بەیەکەوە (١٥) جار بەکارهاتوون، ڕێژەکەیان دەکاتە(٧٥ %)، لەبەرانبەردا لێکچواندنی تەواو (٧)جار بەکارهاتووە، ڕێژەکەی دەکاتە (٢٥ %)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆران بەتەواوی هەوڵیداوە خۆی لە بەکارهێنانی (ئەوزار) بپارێزێت و لێکچواندنەکانی زیاتر لە دیمەنی واقیعی نزیک بکاتەوە.
3. ڕێژەی بەکارهێنانی لێکچواندنی تەواو (٢٥ %)ەو ئەم ڕێژەیە بەرزە لەچاو ئەو هەوڵەی گۆران لە دەقەکەدا داویەتی بۆ نوێکردنەوەی شێواز و زمانی شیعر.

**شیکردنەوەی داتای خشتەی (٣) و (٤) بەیەکەوە:**

ژمارەی بەکارهێنانی هونەرەکان بەشێوازی (وێنەیی): (١٥ خواستن + ١٣ لێکچواندن = ٢٨ )، لەبەرانبەردا بەکارهێنانی هونەرەکان بە شێوازی ئاسایی (٨ خواستن + ٧ لێکچواندن = ١٥). وەک دەبینین بەکارهێنانی وێنەیی نزیکەی دووئەوەندەی بەکارهێنانی ئاساییە. ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە هونەری ڕووبێژی لەتوانایدا هەیە بەشێوازی نوێ و کاریگەر بەکاربێت، چونکە ئەم شێوازە وێنەییە بەتەواوی شیعرەکەی لە شیعری کلاسیکی دوورخستووەتەوە.

**هێڵی واتای وێنەی شیعری، لە واتای بەرجەستەوە بۆ واتای زەینی، بەپێی هونەرەکانی ڕوونبێژی، لەم شێوەیەی خوارەوە ڕوون دەبێتەوە:**



چارتی هێڵی واتای وێنە شیعرییەکان لە واتای بەرجەستەوە بەرەو واتای زەینی، لە لێکچواندنی ئاسایی (تەواو)ەوە دەستپێدەکات و لە درکە کۆتایی پێدێت. خوێندنەوەی چارتەکە لە یەکەم خاڵی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەیە.

**4. ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە:**

1-4-ڕێزبەندیی هونەرەکانی ڕوونبێژی لەرووی واتای بەرجەستەوە بۆ واتای زەینی، لە لێکچواندنەوە دەستپێدەکات. لێکچواندن هەوڵدەدات دوو شت بەیەک بگەیەنێت، بەڵام ناگەن بەیەک، تا لە لێکچواندنی ڕەواندا تەواو نزیک دەبنەوە، بەڵام هەریەکەیان قەوارەی سەربەخۆی خۆیان هەر دەمێنێت. دوای لێکچواندن، خوازە دێت. لەوێدا یەکێک لە جەمسەرەکان قەوارەی خۆی لەدەست دەدات و تەواو لەگەڵ ئەویتردا یەکدەگرێت. لە نێوان هونەرەکانی خوازەشدا، خواستن لە ڕووی توانەوەی دوو جەمسەرەکەی لەیەکتریدا، لە خوازەی ڕەها بەهێزترە. بەڵام خوازەی ڕەها لە ڕووی واتاوە، پێویستی بە وردەکاریی زیاتر هەیە تا پەیوەندییەکەی دەزانرێت. لە جۆرەکانی خواستنیشدا، خواستنی ئاشکرا واتاکەی بەردەسترە لە خوازەی درکاو. ئینجا خواستنی پاڵێوراو بەهێزترە لە خواستنی پەتی و خواستنی ڕەها، چونکە پەیوەندیی واتایی لەگەڵ لێخوازراو زۆرترە. کۆتایی هێڵە واتاییەکە، هونەری درکەیە، ئەم هونەرە لەڕووی واتاوە تەواو زەینییە و هیچ پەیوەندییەکی بە واتا بەرجەستەکەیەوە نییە. لە جۆرەکانیشیدا، درکە لە سیفەت لەوانیتر وردترە، چونکە وردەکاری و توانای بیرکردنەوەی زیاتری لەخوێنەر دەوێت لەچاو جۆرەکانی تری درکە.

2-4- گۆرانی شاعیر لە شیعری (گەشت لە هەورامان)دا، لەکۆی (٦١) دێڕ، لە (٥٨) دێڕ دا وێنەی شیعری بەکارهێناوە. واتە دەتوانین بڕیار بدەین کە لە کۆی شیعرەکەدا بۆ چنینی ئەو واتایەی مەبەستی بووە، پشتی بە دەربڕینی وێنەیی بەستووە.

3-4- لە کۆی ئەو (٥٨) دێڕەی کە وێنەی بەکارهێناوە، (٦١) دێڕ بەهۆی هونەرەکانی ڕوونبێژییەوە وێنەکانیان چنراون. ئەمەش پێگەی هونەری ڕەوانبێژی دەردەخات لە وێنەی شیعری لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لای گۆراندا.

4-4- گۆران، لە شیعری (گەشت لە هەورامان)دا، لەنێوان هونەرەکانی ڕوونبێژیدا، هونەری خوازەی بەپلەی یەکەم (٥٢)جار و لێکچواندن بەپلەی دووەم (٢٠) جار و درکەی بەپلەی سێیەم (٣) جار بەکارهێناوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ویستوویەتی وێنە شیعرییەکانی لە ڕوانینی بەرجەستە دووربخاتەوە و لەهەمان کاتیشدا نەیویستووە خوێنەر پێویستی بە لێکدانەوەی زۆربێت.

5-4- گۆران لە شیعری (گەشت لە هەورامان)دا، هەموو هونەرەکانی ڕوونبێژی بەکارهێناوە، زۆربەی لقەهونەرەکانیشی بەکارهێناوە، بەڵام زۆر بەوردی پابەندی هێڵی واتایی هونەرەکان بووە و ئەو هونەرانەی زۆر بەکارهێناوە کە سادە نین و لە هەمان کاتیشدا خوێنەر زۆر ماندوو ناکەن. هەر بەوهۆیەشەوە شیعرەکەی سادەو بەرزە بەلای خوێنەرانەوە.

6-4- گۆران لەم شیعرەدا، بواری زیاتری بە بەکارهێنانی وێنەیی هونەرەکان داوە بە ڕێژەی (٦٨ %). ئەمەش وایکردووە وێنە شیعرییەکانی و دەقەکە بەگشتی شێوازێکی پانۆرامایی وەربگرێت، کە لەچاو سەردەمی خۆی زۆر پێشکەوتوو بووە.

**5. لیستی سەرچاوەکان:**


- گۆران، عەبدوڵڵا، ١٩٨٠، **دیوانی گۆران**، محمدی مەلا کریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

**کتێب بەزمانی کوردی:**

- سجادی، عەلائەدین، ١٩٧٨، **خۆشخوانی**، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.
- گەردی، عەزیز(د.)، ١٩٧٢، **ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا**، بەرگی یەکەم، ڕوونبێژی، ؟.
- گەردی، موحسین ئەحمەد مستەفا، ٢٠١٣، **بەهاری ڕەوانبێژی**، خانەی نارین، هەولێر.
- مستەفا، ئیدریس عەبدوڵڵا. (د.)، ٢٠١١، **لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا**، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

**کتێب بە زمانی عەرەبی:**

- الامدی، 1956، **الموازنة بين شعر ابى تمام و البحترى**، تحقيق السيد احمد صقر، ج:2، دار المعارف، القاهرة.
- الاخضری، عبدالرحمان، **حلية اللب المصون على الجوهر المكنون**، دار الفكر، بيروت.
- التفتازاني، سعدالدين،2013، **المطول شرح تلخيص مفتاح العلوم**، دار الكتب العلمية، بيروت.
- تودوروف، تزفيتان، 1996، **الادب و الدلالة**، ت: محمد نديم خشفة(د.)، مركز الانماء الحضاري، ط:1، بيروت.
- الجاحظ، 1969، **الحيوان**، ج:3، حققه و شرحه عبدالسلام محمد هارون. دار الكتاب العربى، بيروت.
- الجارم، علی، و أمين، مصطفى، 1999، **البلاغة الواضحة**، دار المعارف. ؟ .

- الجرجاني، عبدالقاهر، ؟، **دلائل الاعجاز**، تعليق: محمود محمد شاكر، مكتبة الخانجي، القاهرة.
- السكاكي، ابى بكر، 1987، **مفتاح العلوم**، دار الكتب العلمية، ط:2، بيروت.
- سلوم، على جميل، نورالدين، حسن (د.)، ١٩٩٠، **دليل البلاغة وعروض الخليل**، ط1 , دارالعلوم العربية, بيروت.
- سيسل، لويس، 1982، **الصورة الشعرية**، ت: احمد نصيف الجنابي(د.) واخرون، دار الرشيد للنشر، ؟.
- السيوطي، جلال الدين، ؟، **شرح عقود الجمان في علم المعانى والبيان**، دار الفكر، بيروت.
- عتيق، عبدالعزيز، ١٩٨٥، **فى البلاغة العربية، علم البيان**، دار النهضة العربية، بيروت.
- ناصف، مصطفى، 1996، **الصورة الادبية**، دار الاندلس، بيروت.
- الولي، محمد، 1990، **الصورة الشعرية في الخطاب البلاغي و النقدي**، المركز الثقافي العربي، بيروت.
- الهاشمي، احمد، ؟، **جواهر البلاغة**، المكتبة العصرية، بيروت.
- هلال، محمد غنيمى، 1964، **النقد الأدبي الحديث**، ط:3، دار مطابع الشعب، ؟

**نامەی ئەکادیمی:**

- گەردی، سەردار ئەحمەد (د.)، 2002، **بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا**، Ph.D.، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان.

## بنية معنى الصورة الشعرية بين فنون علم البيان
## قصيدة (گەشت لە هەورامان – سفرة في هەورامان) أنموذجا

**هيمداد حوسێن بەکر**
جامعة صلاح الدين – كلية التربية – قسم اللغة الكوردية
Hemdad.bakir@su.edu.krd

**محمد عبدالكريم ابراهيم**
المديرية العامة للتربية- اربيل - وزارة التربية
muhammad.ibrahim@student.su.edu.krd

**ملخص**

يهدف هذا البحث إلى الوقوف على الدور البناء لفنون علم البيان في بنية معاني الصورة الشعرية في الشعر الكوردي الحديث. وللوصول إلى هذا الغرض، تم إختيار قصيدة (گەشت لە هەورامان – سفرة في هەورامان) لگۆران الشاعر للفصل التطبيقي. وذلك لكون القصيدة طويلة و معظم التركيب المعنوي للقصيدة اعتمدت على الصورة الشعرية، ثم إن كاتبها (گۆران) هو من أوائل من شرعوا في تحديث الشعر الكوردي شكلا و مضمونا و لغة. لهذا نعتقد أن اختيار القصيدة اختيار موفق للوصول الى اهداف البحث. يحتوي الفصل الأول من البحث على تعريف علم البيان و الصورة الشعرية، ثم يأتي بعدها عرض لفنون علم البيان و فروعها مع ذكر الأمثلة من ديوان الشاعر گۆران. وفي الفصل الثانى تم تطبيق المعلومات الموجودة في الفصل النظري على ابيات القصيدة ثم تم عرض المعلومات في جداول، وبعدها تم تحليل المعلومات و نقدها. وفي الختام تم عرض اهم نتائج البحث.

**الكلمات الدالة**: بنية، معنى، علم البيان، الصورة الشعرية، گۆران.

## The structure of meaning of the poetic image among the arts of rhetoric
## Poem (A tour in Hawraman) as a model

**Himdad Husain Bakir**
College of Education - Kurdish Language Department / Salahaddin University-Erbil
Hemdad.bakir@su.edu.krd

**Muhammad Abdulkareem Ibrahim**
General Directorate of education in Erbil- Ministry of Education
muhammad.ibrahim@student.su.edu.krd

**Abstract**

This study tries to show the role of the Rhetorical arts of Eloquence (Similes, Metaphor and Metonymy) in the meaning of poetic images in new Kurdish poetry. For this purpose, the poet Goran's poem "A tour in Hawraman" has been chosen for the practice of the arts, because this poem has many lines (verses) and most of the verses are composed of poetic images, And Goran is one of the first poets who started writing modern poetry in Kurdish language. That's why poetry (A tour in Hawraman) as a practical example, gives accurate results. In the study: each of the art of Eloquence and poetry images is defined, then the types of Eloquence arts and their branches are described. After that, this information was practically selected in the text of the poem and a detailed statistic with required analyses of the statistics was presented, and finally the results of the study were presented.

**Keywords**: structure, meaning, Eloquence, poetic picture, the poet Goran